# سەیرانێکی شیعرستان

وریا عمر امین

ناوی کتێب: سەیرانێکی شیعرستان

شیعر: د. وریا عمر امین

پرینت : ڕزگار عمر امین

**چاپی یەکەم**: ٢٠٠٧ بڵاوکراوەی دەزگای ئاراس- ژمارە (٦٢٣) هەولێر.

لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٦٨٦) ی ساڵی ٢٠٠٧ تۆمار کراوە.

**چاپی دووەم** : دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی ــ بەغداد

رقم الایداع فی دار الکتب و الوثائق ببغداد (٤٦٧٥) لسنه ٢٠٢١

**یک قصه بیش نیست غم عشق وین عجب**

**کز هر زبان که می‌شنوم نامکرر است**

**حافزی شیرازی**

# ناوەرۆک

پێشەکی

**بەشی یەکەم ـ شیعر**

چاوی نەورۆزی

لە چرۆکانی دارستانی دڵم

سێژوان

نامەیێکی نەورۆزی

بریا

چەند تابلۆییێکی داستانی چلەی ژیانم

فرمێسکی ماڵئاوایی

خەم و ترس

دڵی سڕبووم

گلەیی

کۆترۆکە

مانگ و ئەستێرە

باران

ئەڤۆکە

سەرنج

کاروانی گوڵ

گەیشتنەوە یەک

درۆی نیسان

کورتە بەهار

سەیرانی نەورۆز

گەڕانەوە

بەیانیی نەورۆز

ئاواتێکی نوێ

میوانی ئازیز

سروودی دڵ

سرودی زانکۆی جیهان

بێداری
سەرسام
خەرەند
ئاهەنگی مردن
بۆنی مردن
ڕۆژانێک بوو
گێڕگۆڕ
شەوین
پاییزی ئیمساڵ
پەندی وەرگێڕدراو
ژوانی کۆڕۆنا
هایکۆی کۆڕۆنا

## بەشی دووەم – لێکۆڵینەوە

پێشەکی ..............................................................
**عبدالرزاق بیمار** – جوانکیلەی پەنا گرتوو ....................
**کەریم شارەزا** – وێنەی شیعریی لە چەپکە شیعرێکی دکتۆر وریا عومەر ئەمین..
**ئەحمەد زەردەشت** – خوێندنەوەی ژیانی خوێندکاران و(فرمێسکی ماڵئاوایی) ی دکتۆر وریا عمر امین....................
**د. کەمال مەعروف** – وریا عومەر ئەمین و شیعر ............
**د. ئیدریس عەبدوڵلا** – گۆرانە زیندووەکەی شیعری کوردی.

# پێشەکی

شیعر جوانترین و ناسکترین و ڕەوانترین و بەرزترین و بەهێزترین شێوەکانی دەربڕینی هەست و بیر و خۆشەویستی و پەروەردەیی و ڕۆشنبیرییە. هێز و ئازادی و سەربەستیی وشە و داهێنانە.، ئاڵا و زمانی یەکگرتووی مرۆڤایەتییە.

شیعر هەموو مرۆڤ لە ژێر کەپرێکدا کۆ دەکاتەوە و دەیکا بەیەک ماڵ. هەست و نەست و ئاواتەکانی دەخاتە ڕوو. ڕۆلێکی باڵای هەیە لە پتەوکردنی پەیوەندیی مرۆڤایەتی بەوەی کە هەموو مرۆڤ بەرەنگاری هەمان گرفتن . هەموو هاوبەشی هەمان پرس و هەستن . هەموو هاوئاوات و هاو سەرەنجامن، هەموو قارەمانی هەمان داستانی بوون و ژیانن .

شاعیران بیرمەند و پێشەوا و ئاڵاهەڵگری ڕاستەقینەی نەتەوە و کۆمەڵن. نەخشەداڕێژی دواڕۆژی گەش و پڕشنگدارن . بە ژیان و گیان و خوێن و فرمێسکیان شیعرەکانیان دەبارێنن . هەرئەوانن کە دەتوانن ژیان بگۆڕن ...قەڵای دواکەوتن و زۆرداری بڕووخێنن ... تاڵی و تاریکی بڕەوێننەوە ... خۆشی و دڵنیایی و ئاسوودەیی و گەشبینی لە دڵ و دەروونی دا بڕوێنن ... ژیان شیرین بکەن و چێژی پێ ببەخشن.

شیعر پلە و پایە و گرنگییەتییەکی تایبەتیی لە بوونی ئێمەی کورددا هەیە. شاعیرانمان (لە خانییەوە تا ئیستا) پێشمەرگەی وشەی پیرۆزن. هەڵگری ئاڵای ئازادی و سەربەستین هەمیشە لە سەنگەرە پێشەوەکانی بەرەکانی خەبات و تێکۆشاندان.

شیعری کوردی زمانی دەربڕینی عیشق وخۆشەویستیمانە بۆ خاکە شیرینەکەمان. چەکی بەهێزی تێکۆشانمانە دژی داگیرکەرانمان. زەنگی کاروانی خەباتمانە لە پێناو ئازادی و سەربەخۆییمان . چقڵی چاوی دوژمنانمانە .. دەنگ و هاواری چەوساوەکانە بە ڕووی زۆرداران و ڕەنجخۆران و خۆفرۆشان.

شیعری کوردی دەزگاییێک و پەیمانگاییێکە بۆ دەرچوواندنی عاشقانی کوردستان و خەباتکەران و تێکۆشەران. پارێزەری زمان و کەلەپوور و نەریت و مافەکانمانە . چرای ڕۆشنکەرەوەی بیرمانە ... تۆماری مێژووی خەباتمانە.

ئەم شیعرانەی ناو سەیرانێکی شیعرستان بەشێکن لە شیعرەکانم کە ناوە ناوە لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاوم دەکردنەوە..هەموو لە کانگەی دڵمەوە هەڵقوڵاون و هەستی پاکی بێ گەردی ناخ و دەروونمن ... زمانی بوونمن ، نامەی عیشق و دەربڕی خۆشەویستیی ڕاستەقینەمن بۆ ژیان و جوانی و نیشتمان و خاکە شیرینەکەم کوردستان.

سەرهەڵدانی شیعری نوێ ، کە بە شیعری سەربەست ناوبراوە ، پەیوەندیی بە

پەرەسەندنی باری ڕۆشنبیری و مێژووییەوە هەیە. شیعری نوێ ، ژانرێکی گرنگە شوێنی خۆی هەیە لە بوار و مێژووی ئەدەبی جیهانی و گەلاندا.. بەڵام بەلای منەوە ناتوانێ و نابێ جێگای شیعری ئاسایی بگرێ و لەناوی با. ئەوەی بە شیعری نوێ لەقەڵەم دەدرێ ، پەخشانە و بە شیعر موتوربە کراوە یا بە پێچەوانەوە . جیاوازیی نێوان شیعری نوێ و شیعری ئاسایی لەوەدایە شیعری نوێ تەنها یەک جار دەخوێنرێتەوە و زۆر کەم و بە زەحمەتی لەبەر دەکرێت کەچی شیعری ئاسایی بەردەوام دەخوێنرێتەوە و بە ئاسانی لەبەر دەکرێ و لە کۆڕ و گفتوگۆی ڕۆژانەدا هەمیشە ئامادەیە. ئیستاش شیعرەکانی خانی و جەزیری و جەواهیری و معلقات و متنبی و خەیام و شەکسپیر و شێللی و پۆشکین و فردەوسی و لامارتین و جەلالەددین ڕوومی و ...هەموو شاعیرە ڕەسەنەکانی جیهان بەردەوام وێردی سەر زارن و هەمیشە دەوترێن و دەوترێنەوە..کەچی شیعرە ئازادەکانی سەیاب و نازک مەلائیکە و شێرکۆ بێکەس و ئەدۆنیس و .. بە دەگمەن دێنە سەرزار و باس کردن. من بە هەزاران دێر شیعری کوردی و عەرەبی و فارسی و ئینگلیزی و تورکیم لە بەرە بەڵام ناتوانم یەک پارچە شیعری نوێ بە تەواوی لەبەر کەم ... کۆپلەی بچووک بچووک نەبێ کە وێنەی شیعریی ناسک دەگرێتە خۆ..ئەویش زوو بیر دەچێتەوە.

بەلای منەوە دەبێ شاعیر سەرەتا مەشق لەسەر شیعری ئاسایی بکات تا زاڵ بێ بەسەر یاساکانی شیعر ئنجا بێتە سەر شیعری نوێ . شیعری سەربەست زۆر کەسی کردۆتە شاعیر بێ ئەوەی بەهرەی ڕاستەقینەی شیعرییان هەبێ. شایانی باسە ئیستا زۆر لە شاعیرانی ئەمبەر و ئەوبەری جیهان شان بە شان نووسینی شیعری نوێ ، دەگەڕێنەوە سەر شیعری ئاسایی .

سەیرانێکی شیعرستان هەڵبژاردەیێکی ئەو شیعرانەیە کە لە شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاو بوونەتەوە. دەزگای ئاراس لەساڵی ٢٠٠٧ دا لە ژێر ژمارە ٦٢٣ دا بڵاوی کردۆتەوە. بە هەندێ زیادکردنەوەوە چاپی دووەمی دەخرێتە بەردەستی بەڕێزتان..

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز شاعیری داهێنەر (ئاوات حسن امین) ، بەڕێوەبەری گشتیی دەزگای ڕۆشنبیریی کوردیی لە بەغداد بۆ دووبارە بڵاوکردنەوەی سەیرانێکی شیعرستان.

هەر خۆش بن .

**وریا عمر امین**

٢٠ ـ ١١ ـ ٢٠٢١

# چاوی نەورۆزی

چاوەکانت دوو ئاسمانی بێ پایانن
دوو مانگی ڕوو لە گزنگی بەربەیانن

دوو ڕوباری بەر سوورایی خۆرنشینن
دوو ئەستێرەی پرشنگداری گەشی شینن

دوو شەنگە بیی قەد باریکی شۆخ و شەنگن
دوو پەپوولەی باڵ نەخشینی ڕەنگاوڕەنگن

جووتێ پەلە هەوری توندی بە بارانن
بەزم و یاریی پۆلە مەلی بەهارانن

دوو جۆگەلەی بەر تریفەی مانگە شەون
دوو قولْینگن... لە ئاسۆدا سەر ئەکەون

دوو مانگی ناو گۆمی مەنگی دارستانن
دوو لووتکە چیای سەختی بەفرینی کوێستانن

چاوەکانت بلێسەی گڕی نەورۆزن
هەوری نازن..شنەی ڕازن..کانیی سۆزن

چاوەکانت هەزار ئەفسانە و داستانن
پەنۆڕامەی هەموو مێژووی کوردستانن
١٩٩٨

# له چڕۆکانی دارستانی دڵم

لەگەڵمای و بیرت ئەکەم
له دڵتام و بۆت ئەسووتێم
بەقەد مەنگیی سەرنجەکەت
لێت  دڵنیام و .. ئەترسێم
.
پشکۆی سۆزی کوورەی دڵم
کەوتۆته بەر بای باوەشێن
کێوەکانی خەمم یەک یەک
ئەهەژێن و هەڵئەوەشێن
.
ئاگرێکه و تێم بەربووه
خۆشه بەقەد ئازارەکەی
لافاوێکەو ڕامئەماڵێ
شەپۆله شێت و هارەکەی
.
ماسییەکی ناو دەریام و
عەودالّی چۆڕه ئاوێکم
لەناو سەد داوی ورد دام و
خەریکی داو و ڕاوێکم
.
بەقەد دووریت نزیکم لێت
بەقەد نزیکیت دووری لێم
سێبەری تۆم لێت ڕائەکەم
لێم ڕائەکەیت که له دووت دێم

.

من بارانم ... (تۆ) ی هەور بووم

ئەبمەوە تۆ...ئەبیەوە من

نازانین کاممان کاممانین

من لە تۆ ون تۆ لە من ون

.

من تاریکیم...تۆ ڕووناکی ـ-یت

من شەوم و تۆ مانگمی

مەزنیت بە سایەی منە

کە لە ڕۆژا هەڵدێی گومی

.

من دەریام و تۆ ڕۆخمی

من بە تۆ هەم ...تۆ بە من هەی

ببی ئەبم ..نەبم نابی

خۆت نامینێی لە ناوم بەی

.

من درەختم تۆ ڕەگمی

تۆی سەرچاوەی بوون و سەوزیم

کەچی منم دیار تۆ گومی

تۆی لە نزمی و.. من لە بەرزیم

.

تۆ ڕەشەبای من پووشێکم

بۆ کوێت بوێ بۆ وێم ئەبەی

نە من لە تۆ دەرباز ئەبم

نە تۆ ئەتوانی بەرمدەی

.

ببم به ئاو... ئەبیە ئاگر
ببمە ئاگر ..ئەبی بە ئاو
ببم بە داو ..ئەبیە نچیر
ببمە نچیر ..ئەبی بە داو
.
هەرچەن ڕۆژگار ڕووی گرژ کا
موژدەم ئەداتێ بێ خەتام
چەن دوورترم خاتەوە لێت
هەست ئەکەم توندتر لە دڵتام
1983

# سێژوان

دوای دامرکانی پشکۆی خۆرنشین
تارای ڕەش ئەکشێ لە پیرۆزەی شین

مرواریيەکان ...ئەکەونە دزە
زەمین ئەپڕژێنن بە نمەی بزە

لەتەک مانگی نوێ.. هی گەش و درشت
ئەبنە ملوانکەی گەردنی سروشت

ئەم ڕەشبەڵەکە ئەفسووناویە
ژوانی نهێنیی بوون و جوانییە

نارێ تۆش بێکێ لەو گەوهەرانەی
هۆشبەستی نازی ئەم ئێوارانەی

کە چرۆکانم بۆت ئەجریوێنن
شنەکانی سۆز بەرەو تۆم دێنن

ڕوویان تێئەکەم لەوێ ئەتبینم
لێتان ئەبیستم ئاوازی ژینم
١٩٩٨

# نامەیێکی نەورۆزی

من و هاوبیرە ناسکەکەم جووتێ یارین
لە بەهەشتی دڵدارییا دوو دڵدارین
بۆ ڕوباری خۆشەویستی دوو کەنارین
لە باوەشی کێوەکانا دوو بنارین
بەکەسەری نهێنیی بوون مێشک بێدارین
بە بلێسەی سۆزی جوانی لە ئازارین
شەیدای کانیی ژێر سێبەری دارچنارین
شێتی ماچی خێرای شەپۆل و لێوارین
گێژی بۆن و بەرامەی نێرگزەجاڕین
دڵشەکەتی هەڵاڵەو گوڵی هەنارین
سەودای کەژ و شیپەن و ڕەز و بەیارین
دەم پڕ کامی چوالەو ڕێواس و ژەنگارین
گیان تامەزرۆی پەڕەسێلکە و کەو و باڕین
گرتەی هەڵۆ و باز و شەهین و تەوارین
گیرۆدەی کرێوە و نمەی ڕاگوزارین
دیلی چەورۆ و گوڵاڵەسوورەی شەکارین
پاراوی ئاوی بێترمە و گۆمەتارین
هەڵپرووکاوی خەرتەلە و سوورەجنارین
دڵبەستی کەرکۆڵ و ژیلەی ناو ئاقارین
بوونپیشاوی هێرۆ و وەنەوشە و کەژوارین
کاسی بەیبوون و کنێری مێرگوزارین
هۆشلەبەرچووی دارستانی شەوی تارین
کوشتەی نازی شەنگەبیی بە لەنجە و لارین
دڵبەندی لەرە و شەپۆلی لالەزارین
گرفتاری ئەرخەوان و ژاڵەی ژارین

واق وڕماوی مەنگی و مەزنیی کێوسارین
سەوداسەری کپی و هێمنیی شەوگارین
مەستی نەرمە شنە و ورشەی کۆسپیندارین
شپرزەی هەڕەس و ڕەنووی بەرەو خوارین
سووتاوی بەزمی بەستۆڕە و سەرچنارین
دڵهەڵپەڕی ئاوازی تاڤگە و ڕووبارین
سەرنجدەری ئاهەنگی پۆلی باڵدارین
بەقەد پایز شەیدای زستان و بەهارین
بەهار دادێ پەلکەزێڕینەی ڕەنگارین
هاوین دادێ فێنکی و کانیی سازگارین
پایز دادێ دارستانین زێڕ ئەبارین
زستان دادێ بۆ ڕیشۆڵە میواندارین
کە شەو دادێ دوو چلچرای پڕشنگدارین
کە ڕۆژ دادێ پۆلپەپوولەی ناو گوڵزارین
بەیانییان جووکە و چریکەی هوزارین
بانگی شێوان ژوانی هەتاو و لێوارین

# بريا

بريا من و تۆ جووتە مەلێ باين
لە دارستانا...دوور بە تەنێ باين

دوو گوڵ باين بەدەم ڕوبارێکەوە
شەپشەپانێمان ئەکرد پێکەوە

دوو ئەستێرە باين بە ئاسمانەوە
تریفە ئەپڕژا بە ڕوومانەوە

لە کانیاوێکا دوو ماسیلە باين
لە گوڵشەنێکا دوو پەپوولە باين

لە شيپەنێکا دوو جۆگەلە باين
بەرەو ژوانمان زۆر بەپەلە باين
1976

# چەند تابلۆییێکی داستانی چلەی ژیانم*

زۆر هەوری توند هات و ڕەتبوو نەیکرد بە ڕێژنە
زۆر مانگی نوێ هەڵات هیچی نەیکرد بە جێژنە

لە ئاسۆی ئاواتم گەلێ گزنگ لەبار چوو
گەلێ کۆرپەی ساوای هیوام بە چاو و زار چوو

ئەی منالّیم..ئەی بەهەشتە زەوتکراوەکەم
ئیستاش بەکوڵ بۆت ئەگریم و شینت بۆ ئەکەم

فرمێسکی خوێنینت وشک نەبوە لە چاوم
فێی بەدبەختی و خاکەسەریت بەری نەداوم

ئیستاش تامی تاڵاوی تۆ پڕی زارمە
نرکەی گریانت ئاوازی دڵی زارمە

ئیستاش ئابەم هەستەی وشکم، بەم دڵەی پیرم
ناخی ناخم ڕائەچەنێ کە دێیتە بیرم

موچڕک بە لەشما ئەگەڕێ گیانم سڕ ئەکا
هەست و هۆشم ئەشێوێنێ مێشکم وڕ ئەکا

هەر برینە و لەدوای برین ئەکولێتەوە
بۆت ئەگریم و بەزەییم بە خۆما یێتەوە

ئەی دۆزەخی کوێرەوەری و  هەناسە ساردیم
تۆ بەهەشت بووی لەچاو ئەوەی لەدوای تۆدا دیم

ڕۆژەکانم هەموو خۆزگەن بە ڕۆژانی تۆ
بە شەوانی پڕ هەژان و ڕووگرژانی تۆ

چل زستانم کرد بە بەهار گوڵێکم نەدی
ئاواتێکی کەسەرکوژم بۆ نەهاتە دی

زامەکانم زۆر و سەیر و سرک و ئاڵۆز بوون
حەزەکانم وەک چاوی بەر ڕەشەبای تۆز بوون

هەر ڕۆژێکم هەر شەوێکم ساڵەهای ساڵ بوو
ڕێگام هەمووی تووناوتوون بوو..نشێو بوو..چاڵ بوو

وەک کۆترۆکەی باڵشکاوی دەس مناڵان بووم
بە هاوار و ناڵەی بێ دەنگ لە ئێش و ژان بووم

پیشا بەهاری جوانیم بە ترس و خەم و ئێش
لە مەینەتێ دەرباز باما..(دە) م دەهاتە پێش

نە مناڵیم مناڵی بوو نە لاویم لاوی
کارەسات و مەینەت نەما نەکەومە داوی

لەگەڵ ئەوەی ژیانم هەمووی تاڵی و ترشی بوو
بە گەشبینی و زەردەخەنە ڕووی خۆم پۆشیبوو

ژەهراوم پێشکەش بکرابا، ئەمکرد بە شەکراو
گریانم کردە گۆرانی، فرمێسک بە گوڵاو

کێ خۆی لە من مەڵاس دابا ئەمخستە سەرچاو
پەلیم ئەگرت مەبادا خۆی بکەوێتە داو

ئەوەی بەرقی تێگرتابام گوڵم تێ ئەگرت
بۆ پیلان و کەتنەکانی ڕێم لێ نەئەگرت

خۆمم کردە پرد و پەیژە گەلێ پێ لێنرام
تیشکم هەرگیز بۆ خۆم نەبووە، وەک ژێری چرام

دڵخۆشێکم دیبا دڵم لەو خۆشتر ئەبوو
لەگەڵ گریاوان گریانم بە جۆشتر ئەبوو

ئاسۆی تارم بە ئەستێرەی گەش گەش جنیبوو
لەو شوێنە خۆم ئەدۆزیەوە لووتکەی ونی بوو

1987 – 3 – 15*
ئەو شەوەی تەمەنم بوو بە چل ساڵان

# فرمێسكی ماڵئاوایی

*ئەم پارچە شیعرەم لە ئاهەنگی دەرچوونی بەشی كوردیی  ساڵی1971
خوێندەوە كە خۆم یێكێ بووم لە دەرچووانی ئەو ساڵەی بەشی كوردیی زانكۆی بەغداد.

ئەی فرمێسكی قەتیسماو  لە گلێنەی چاو
ئەی ئەو ئاخەی كە دەروونم ئەكەیت بە ئاو

ئەی ئەو دڵەی كە جێنشێنی خەفەتی
ئەی ئەو بوونەی ئێمڕۆ لەتاوا لەتلەتی

ئەی ئەو لەشەی یەک تۆز هێزت تیا نەماوە
ئەی ئەو هەستەی برینداری لە سەد لاوە

ئەی ئەو خوێنەی وەک پڕوشكی ئاگر گەرمی
ئەی ئەو ئاواتە پڕژینەی ئیستا تەرمی

دوا ماڵئاواییتان بكەن لەم چوار ساڵە
ئاهەنگێكی خۆش بگێڕن هەرچەن تاڵە

ئەو چوار ساڵەی پڕ خۆشی بوو، .پڕ شیرینی
كە بەسەرچوو بە ئاوات و خەوبینینی

ئەو چوار ساڵەی هەموو دەمێكی سەیران بوو
دڵمان شاد بوو .. دەممان بە بەستەو حەیران بوو

ئەو چوار ساڵەی بە ناو گوڵانا گەشتێ بوو
لە بۆنی خۆش و جوانییا .. بەهەشتێ بوو

ئەو چوار ساڵەی هەر ئێسک سووکی و هەر ناز بوو
هەر چرپەبوو.. هەر دەنگی خۆش و ئاواز بوو

ئەی ئەو کچە خنجیلانەی ئاواتم بووی
تۆ پەرستگای دڵی غەمگین و ماتم بووی

تاڵە تیشکی شەوی ژینی پڕ زارم بووی
خۆری ئاسۆی گوڵزاری بێ بەهارم بووی

شنە و باران و فێنکیی بیابانم بووی
زەردەخەنەی سەر لێوی بە گریانم بووی

ئێشلابەری دەرد و زامی کەساسیم بووی
هێز و تین و خۆراکی گیانی برسیم بووی

سەردەمێکە.. ئەمەوێ و جورئەت ناهێنم
لەبەر دەمتا بوەستم بۆت بدرکێنم

تێتگەیێنم ..لە چ دۆزەخێکا ژیاوم
بزەی چاوت..چ گرێکی تێبەرداوم

ئەوا ئەڕۆی..ئیتر بە چی سەبووریم بێ
لەدوای تۆ چی دەرمانی دەردی دووریم بێ
1971

# بێتامی کرد

بێتامی کرد... بوو بە چی هەر نەبڕایەوە
ئەم دڵەی من ئاسنیش با ئەتوایەوە

لەتاو تۆیە هەرگیزاوگیز داناکەسێ
دابین نابێ بە هیچ شتێ بە هیچ کەسێ

ئاگادارنیت سەردەمێکە بۆت وەک شێتم
لە هەرکوێ بم ، لێت ئەگەڕێم چاوەڕێتم

خەم و تاڵیت لوتکەی خۆشی و شیرینیمە
هەنسکی هەناسەساردیم ... گۆرانیمە

گڕی سۆزت دڵی تاری ڕووناک کردووم
هۆشی چنراو بە مەراقی بێ باک کردووم

ئاواتێکی و ئەترسم ڕۆژێ بتگەمێ
لە ئاسمانی سامالْتا ببمە تەمێ
١٩٩٩

# دڵی سڕبووم

له بەر دەرگای...

بەهەشتی خۆشەویستی بووم

فریشتەی ئاواتی نێشتم

به جێی هێشتم

بوونم تێکچوو

هەستم شێوا

زەردەخەنەم توایەوە

ڕێگەی بەرەو ناخم گیرا

ئیتر بۆ هیچ کچێکی تر

نەکرایەوە...

***

ساڵەهای ساڵیش بەسەر چوو

خۆری لاویم خزی و کەوتە

دامێنی ئاسۆی ئاوابوون...

بەفری تەمەن سەریی پۆشیم

لەو ساڵەهایەی بەسەرچوو

گەلێ جوانی زۆر لەو جوانتر

منیان خۆشویست

بەڵام هەرگیز ...

وشەییێکیان له من نەبیست

دڵیان خۆشکات

لەو ساڵەهایەی بەسەرچوو

کاسەی گەنجی

هەرچییەکی تیابێ نۆشێم

بەڵام هەرگیز

یەکتریمان نەبینیوە

من و خۆشیم

***

زۆر لەمێژە..

تامی ئازاری دڵداریم.. نەچێشتووە

زۆر لەمێژە

لەتاو دووریی خۆشەویستا

هیچ فرمێسکم نەڕشتووە

***

چەن حەزئەکەم

تووش بم..تووشی دڵڕفێنێ

هەستی سڕبووم ببووژێنێ

لە چاوما

کانیی فرمێسک بتەقێنێ

ئازارم با و بمسووتێنێ

بۆی بگریم و نەمدوێنێ

١٩٨٢

# گلەیی

باران بۆ لێمان تۆراوی
بۆچی وەک جاران .. نەماوی

وەتی وازت لێ هێناوین
چوار وەرزمان بوونەتە هاوین

دار و درەخت هەڵپرووکاون
کانی و جۆگەلە بێ ئاون

گژ و گیا سیس و لاوازن
باڵندەکان بێ ئاوازن

خۆشەویستەکەمان باران
وەرەوە ناومان وەک جاران

بیرت ئەکەین ..توخوا وەرە
ببارە لەم دەشت و دەرە

خاک تینووە بە تەماتە
ڕزگارمان کە لەم نەهاتە
١٩٩٧

# کۆترۆکە

کۆترە نەرم و نۆڵەکە
کە بۆت دێم تۆ ڕامەکە

من هاوڕێی دڵسۆزی تۆم
خۆشم ئەوێی بەقەد خۆم

دانم بۆ تۆ هێناوە
وا تێنەگەی کە داوە

من ئازادیی تۆم ئەوێ
خۆشی و شاددیی تۆم ئەوێ

حەزم لە سەربەستییە
ڕکم لە ژێردەستییە

1996

## مانگ و ئەستێرە

ئەی مانگ و ئەی ئەستێرە
توخوا زوو وەرنە ئێرە

با پێکەوە یاری کەین
خۆشەویستی دیاری کەین

تاریکی بترسێنین
خەوتوو لە خەو هەڵسێنین

کوردستان ئاوەدان کەین
ناحەزمان سەرگەردان کەین
1995

## باران

ئەمن ناوم ئیڤانە
زۆر حەزم لە بارانە

هەر کە باران ئەباریێ
دڵخۆش ئەبم بە جاریێ

ئەیکەم بە بەزم و شایی
ڕوو ئەکەمە بەرزایی

سوپاسی هەور ئەکەم
بۆم ئاو ئەدا خاکەکەم
١٩٩٣

# ئەڤۆکە

ئەمن ناوم ئەڤۆکەیە
برادەرم چۆلەکەیە

بەیانیان بۆم ئەخوێنێ
زوو لە خەو هەڵم ئەسێنێ

دەست و چاومان پاک پاک ئەشۆین
وردە وردە نانمان ئەخۆین

ئەچینە ناو ئەو گوڵزارە
یاری ئەکەین تا ئێوارە
١٩٩٤

# سەرنج

لە ئاسمانا..ئەستێرەیێک هەیە پڕشنگدار
ئەی جوانەکەم..من گیرۆدەی ئەوم وەتی پار

هەموو شەو تا بەری بەیان بۆم ئەجریوێنێ
هەموو تەلێکی ناو دڵی من ئەلەرێنێ

لە تەنیایی ژینی شەوا...هاوڕازی منە
جیکەی بولبولی بەیانان ..ئاوازی منە

تا دڵ و چاو ماندوو ئەبن هەر سەیری ئەکەم
تا لە ناخما ئەتوێتەوە دوا گرمۆچکەی خەم

ئەی جوانەکەم..ئەزانی بۆ گیرۆدەی ئەوم..؟
لە پێناویا هەموو شەو پێ ئەنێم لە خەوم ؟

چونکە گەشیی چاوت هەیە لە پڕشنگییا
ماتی و هێمنیی تۆ هەیە لە بێ دەنگییا

چونکە لە دوورییا دووریم لە تۆ ئەبینم
لە بەرزییا شوێنت لەناو دڵا ئەخوێنم
١٩٦٨

# کاروانی گوڵ

کاروانی  گوڵ وا خەریکە  بار ئەکا
گیانم خۆزگە  بە بەهاری  پار ئەکا
کە هەموو  ڕۆژ  گوڵێکت  بۆ ئەهێنام
ئیستاش نەک گوڵ ، هەر خۆشت نایێیتە لام
1980

# گەیشتنەوە یەک

گەر بیروڕا من و تۆ لێک جیا ئەکاتەوە
شتێکی تر هەیە توندتر لێکمان داتەوە
ئەویش خۆشەویستیمانە بۆ خاک و گەلمان
کە هەڵئەقووڵێ لە ناخی دەروون و دڵمان
١٩٧٠

# درۆی نیسان

لەسەر ئاو و ئاگرانم
چاوەڕوانم
چاوەڕێی یێکی نیسانم
بەڵکو نەختێ
بەزەییت پێما بێتەوە
بۆ ساتێکیش بێ بە درۆ
دڵم خۆشکەیت و پێم بڵێی
خۆشم ئەوێی

1983

# کورتە بەهار

بەهاری خۆشەویستیمان
تەمەنی وەک گوڵی چنراو..
یەکجار کورت بوو
شیرینەکەم
ناچارت کردم بەڕێت کەم
بەر لەوەی ڕووی خۆت وەرگێڕی و
بە یەکجاری لێم ئاوابیت
دوا ڕازت بۆ ئەچرپێنم
ئەمەت هەردەم لە یادا بێ..
یادم بکە
❊❊❊❊
بەیانان کە
گزنگ لێوی کەل سوور ئەکا
ئێواران کە
ڕۆژێکی تر
ئاوای ئەودیو سنوور ئەکا
هەڵاتن و
ئاوابوونی
خۆت لە شەوی ژینی منا
بێنەوە یاد
❊❊❊❊
گەر لەشەوی بەهارێکی ئەفسووناویی
وەک شەوانی
بەهاری خۆشەویستیمان
لە کونجێکی تاریکی ئاسمانا

ئەستێرەییێکت بەرچاو کەوت

دوور وکز و تەنیا و مەلوول

ئەوشەوانە بێنەوە یاد

کە پێکەوە

دائەنیشتین

ئەستێرەی گەشگەشمان ئەژمارد

❊❊❊❊

لە گوڵزارا

کە بەدەم ڕۆیشتنتا

پۆلی باڵدار هەڵئەفڕێنی

یادم بکە

1973

---

# سەیرانی نەورۆز

بۆ بەزم و جەژنی نەورۆز بوو چووین بۆ سەیران
ڕامانبوارد.. بە گۆرانی و بەستە و حەیران

لەسەر گیای نەرم و سەوز زۆر هەڵپەڕین
بەناو کۆڕی کیژۆڵانا زۆر تێپەڕین

بە دیمەنی بەهار مەست بووین، ون بووین نەماین
بەو بۆنانەی کە نەرمە با لە ڕووی ئەداین

بلێسەی دڵ گڵپەی بەرز بوو کەوتە جۆش
تواینەوە لە ناو جوانیی بەهاری خۆش

ئەو ڕۆژە بوو دڵم تووشی دڵداری بوو
تووشی ناڵە و ئاخ و ئۆف و ئازاری بوو

بووم بە دڵدار..دڵداری چی؟ هی شاخ و کێو
هی خوڕەی ئاو..هی دیمەنانی هەستبزێو

ئەی یارەکەم..ئەی کوردستانی ئێسک سووک
ئەی دڵگیرتر..ڕازاوەتر.. شۆختر لە بووک

بە کام وشەی گەش و زێڕین؟ بە کام خامە؟
بۆت دەربڕم ئەو هەستەی دەربارەت لامە

به کام زمان..تاسه و جۆشی ئاگراویم
دەرخەم کە هەڵقووڵاوە لە..جەرگەی لاویم

بە کام دەنگی ناسک و ساز؟ بە کام ئاواز؟
بچریکێنم بۆت ئەی کوردستانی بە ناز

نا ناتوانم هیچ بڵێم چونکە.. بە جوانیت
زۆر هیلاکم، هەرچی بێڵێم هەرگیز وا نیت
1967

# گەڕانەوە

لەم شارەیە ئەو کیژەی من خۆشم ئەوێ
هاتووم بەڵکوو جارێ چاوم پێی بکەوێ

ئەو ڕیگایە دوورەم بڕی لە پێناوی
نیگاییێکی بزەی چاوی ئەفسووناوی

وا ئەگەڕێم ..کۆڵان نەما ..شەقام نەما
ئاوی پێم داهات ئیسقانی لاقم چەما

دەرگا نەما کە سەرێکی پێدا نەگرم
یا پەنجەرە دەمێ چاوی پیایا نەبڕم

ڕۆژ ئاوا بوو تاریک داهات ..نەمدۆزیوە
وا مانگ هەڵات بەو تریفەی ئەڵێی زیوە

ئەی تریفەی مانگی سپی ... ئەستێرەکان
چیبکەم وەختە نەمینم لە داخ و ڕکان

لە سەر خاکا چاو ئەگێڕم لە شوێنی پێی
نایدۆزمەوە لە جیاتم ئێوە بڵێن پێی

لاوێک لە دوور تینوو بۆ تۆ هات بتبینێ
تاسەی دڵی ئاگراویی دامرکێنێ

گەڵێ گەڕا ... بەڵام تۆی بۆ نەدۆزراوە
هەر بەو ئاگرەی لە دڵیا بوو گەڕاوە
١٩٦٩

# بەیانیی نەورۆز

لە گەڵ بەیانا ... کاتی ڕۆژ هەڵدی
گزنگی ئەڕژێ.. بە سەر گوند و دێ

ئاسۆ ڕەنگاوڕەنگ ئەگەشێتەوە
لە کەژ و کێوان.. ئەوەشێتەوە

گوڵاوی شەونم لە سەر پەڕی گوڵ
ئەبن بە لالە و ئەتکێنە سەر گڵ

باڵدارِ هەڵئەفڕێ لق ئەوەشێنێ
خاکی زێڕین بە خوناو ئەڕشێنێ

شنەی با..چووکەی مەلان ، خوڕەی ئاو
ئاوازی شادی ئەبەخشن تاو تاو

لە هەموو لایێک جوانی ئەبارێ
کار لە دڵ ئەکات بەڵام چ کارێ

دەروونی شێلوو ڕوون ئەکاتەوە
ئێش و ئازاری شەو ئەباتەوە
١٩٦٧

# ئاواتێکی نوێ

سەردەمێک بوو... دڵنیا بووم
لە دونیای خۆما تەنیا بووم
بیرەوەریی خۆشەویستیی
دە ساڵ پێشووم...
وەکوو سوورایی خۆرنشین
بەرەبەرە ... توایەوە
کسپپەی سۆزم
کوژایەوە...
ئەو نازدارەی..
دڵیی داگیرکردم دەمێ...
کشایەوە
دڵ وەک هێلانەی بەجێماو
ناڵە و نووزەی تیایا ... تەواو
کپی باڵی کێشایە سەر
ئاسۆی ژینم
سارێژ بووەوە... برینم
وەک تیشکێ لە شەوەزەنگا...
وەک تریشقەی
شەوێکی کپ و بێ دەنگا
لە پڕ زەدەخەنەی ئێلین
تەلەکانی دڵمی دیسان
هێنا لەرین ...
بزەی چاوە سەوزەکانی
منی خستە
بەهارێکی.. یەکجار بەرین

گەڕامەوە

لە سەفەری دە ساڵەی تاڵ

بۆ باوەشی

ئاواتێکی تری شیرین...

١٩٧٩

# میوانی ئازیز*

میوانی ئازیز...یەکەم شەوتە
یەکەم ئاهەنگی گریە و خەوتە

بەخێر هاتیتە ژیانی پڕ زام
خەوێکیت هەموو خەوێکت قووت دام

رۆڵە وەختەکەت تا بڵێی سەختە
چیبکەم دیارە شت.. هەمووی بە بەختە

من و بەخت بە پشت ناحەزی یێکین
لە گەڵ کەساسی تا بڵێی ڕێکین

رۆڵە ژیان ئیستا بارێکی قورسە
هەر ماڵوێرانی و برسییەتی و ترسە

هەرزەکارێکی دڕی بێ ویژدان
ئەم وڵاتەی لێ کردووین بە زیندان

بیست و چوار ساڵە بە ژیانی جۆ و کا
مەلە لە خوێنا بەم خەڵکە ئەکا

خەڵکەکەش خراپ لێیان شێواوە
برا لە برا خۆی مەڵاس داوە

چ تاوانێ بوو کردم دەرحەق تۆ
پەنجە ئەگەزم..ئەمەم بۆ کرد..بۆ

تۆم هێنایە ئەم ژینە شێواوە
ڕووە سپیەکەی زەرد هەڵگەڕاوە

ئیڤان بەرخۆلە ساوای گورگستان
زەرنەقووتەی بەر بارانی زستان

ئەستێرە گەشەی ئێوارەی ژینم
لەمەودوا هەر بۆ تۆیە گرینم

بۆت ئەگریم چونکە باوکێکی پیرم
مەینەتەکەی خۆم دێنینە بیرم

هاتی و من وا لە پایزی ژینم
چیم لێ ئەبینی ..چیت لێ ئەبینم

١٩٩٢/٣/٣
*ڕۆژی لەدایکبوونی ئیڤانی نۆبەرەم

# سروودی دڵ

ئیڤان ئەی پشکۆ و خوێی سەر برینم
گەرمە ئاوازەی قوڵپی گرینم

هەورە تریشقەی ئاسمانی تارم
تیشکی فرمێسکی چاوی بێدارم

پەلکەزێڕینەی دڕەنگە بارانم
چرۆ ناوەختەی خەوی جارانم

ئەستێرەگەشەی ئێوارەی ژینم
تاڵی و شیرینی لە تۆ ئەبینم

تۆ دەردی منی..دەرمانی منی
تۆ پێکەنین و گریانی منی

تۆ خەمی منی.. تۆ شادیی منی
تۆ بەندیخانە و ئازادیی منی

تۆ بێ ئومێدی و ئاواتی منی
تۆ دەربەدەری و وڵاتی منی

تۆ پرسەی منی ..تۆ شاییی منی
تۆ دڵنیایی و ڕاڕاییی منی
١٩٩٢

# سروودی زانکۆی جیهان*

زانکۆی جیهان
ئەی مەشخەڵی ڕێی هەڵکشان
بەرەو ئاسۆی
سەربەخۆیی و جوانیی ژیان
تۆ شانازیی نیشتمانی
پەیامێک بۆ گشت جیهانی
زانکۆی جیهان
تۆ ئازادیی .. تۆ سەربەستیی
تۆ  بارانی خۆشەویستیی
دروشمی دڵسۆزی و ڕاستیی
هەڵگری ئاڵای زانستیی
زانکۆی جیهان
٢٠٠٨

***ئاوازی :  فەرهەنگ غەفوور**

## بێداری

که ڕۆژ دادێ چاوڕوانی شەو دەکەم
که شەو دادێ چاوەڕوانی خەو دەکەم
که خەو دادێ چاوەڕوانی ئەو دەکەم
شەوە و دادێ..ڕۆژە و دادێ
نە خەو دادێ ..نە ئەو دادێ
١٩٧١

# سەرسام

بەسەرسامی بەرانبەرت وەستاوم
بڕوا ناکەم بەوەی ئەیبینێ چاوم

چی تۆی گۆڕی ..چی تۆی لە من هەڵگێڕا
چی وای کرد لە دڵت دەرچم وا خێرا

هەر دوێنێ بوو من بوون و نەبوونت بووم
زەردەخەنە و فرمێسکی دەروونت بووم

تریفەی مانگی بەهەشتی دڵداریت بووم
چڵەگوڵی هەڵفڕین و یاریت بووم

هەورە تریشقەی ئاسمانی تارت بووم
لە هاوین و زستاندا بەهارت بووم

خەمی تۆ بوو ڕۆژێ بێ من بگۆڕێم
پشکۆی سۆزم دامرکێ و لێت بتۆرێم

کەچی تۆ بووی لەپڕ وازت لێ هێنام
لە تەنیایی خۆما ئیستا من تەنیام

لۆمەت ناکەم دڵەو لەپڕ ئەتۆرێ
بێ هیچ هۆییێک لە خۆیەوە ئەگۆڕێ
1969

## خەرەند*

لەسەر لێواری خەرەندی نەمان وەستاوم
ئیستاکەنا ئیستا لە پڕ ئەنووقێ چاوم

لەخەزانی تەمەن دام و چیی وام نەماوە
لە سەرسامی و بێ ئومێدی و کەسەر بەولاوە

کەل و پەلی خۆم تێک ئەنێم..تەواوبوو گەشتم
بە ژیانێکدا وڕی کردم تێی نەگەیشتم

لە ڕۆشنایی بوونی لێڵدا تارماییێک بوو
لە تاریکستانی نەبووندا برووسکەییێک بوو

گڕێ بوو لەپڕ دامرکا.. گوڵێ بوو وەری
چی بوو ئەمە وا سەیر هات .. وا زوو تێپەڕی !؟

---

* لە ٢٢-١١-٢٠١٣ لەسەر لێواری شادۆڵی خەرەندی سامناک وەستابووم..لە مەزنی و جوانی و سەیریی ئەو دۆڵە ڕامابووم ..بیرم لە نهێنییەکانی دەکردەوە.. لە پڕ پرسی مردن پەلاماری دام و ئەم چەن دێرە لە دایک بوون.

# ئاهەنگی مردن

هەموو ساڵێ بەو ڕۆژەدا تێئەپەڕم
بێ ئەوەی دەرکی پێ بکەم ، تێیدا ئەمرم
پێی بزانم وەک ڕۆژی لە دایک بوونم
بۆی ئەگێڕم ئاهەنگی لە ژیان دەرچوونم
٢٠٢٠

# بۆنی مردن

ماوەییێکە بۆنی مردن کاسی کردووم
گورگێکی هارە وەک سێبەر ئەخشێ لە دووم
بۆ کوێ بچم ئەیبینم خۆی مەڵاس داوە
واز ناهێنێ ... ئەزانم چیی لە من داوە
**٢٠٢٠**

# ڕۆژانێک بوو

ڕۆژانێک بوو...نەمئەزانی تەواو ئەبن
گوڵی لاویم هەڵئەکەنرێ .. لە پڕ.. لە بن
ئیتر هەرگیز لەسەر بنجیا..ناڕوێتەوە
هەرچی جوانی و گەشی و تینە ..ئەبڕێتەوە
ڕۆژانێک بوو.. هیچم نەبوو.. ئومێد نەبێ
ئیستاکەش هیچ نییە نەمبێ .. ئومێد نەبێ
٢٠١٣

# گێڕگۆڕ

تا دوا سەمموون..تا ئێسقانی بەعسی بوو
ڕاپۆڕتی لەسەر خوشکیشی نووسیبوو

ڕەشاش لە دەسیا بە جلی زەیتوونی
فیدای سەدام بوو بە دڵ و دەروونی

خۆی کورد و بۆ ئەم کوردکوژە دڵسۆز بوو
بە ڕادەیێ ئەنفالی لا پیرۆز بوو

سەر و سامان..هەرچییەکی کە هەیبوو
بەساقەی ساتێکی کاکە عودەی بوو

وای ئەزانی ئیتر هەتا هەتایێ
بۆی ئەمینێ..خواش دەرەقەتی نایێ

سەدام بەزی..ئەو یەکسەر گێڕی گۆڕی
وتی.. ئۆخەی..هەزار لەعنەت لە گۆڕی

ئەم خوێڕییە..بوونگەنیوە..دەبەنگە
لێمان بوو بە خەتمایل و پێشمەرگە

هەر وەک بڵێی نە بای دیبێ نە باران
کەوتۆتەوە فشەفش وەکو جاران
٢٠٠٣/٥/١٢

# شەوین

ئەستێرەکانت...قژی شەوینت
سەرنجی مەستی پڕ لە ئەوینت

گوڵاڵەسوورەی ..گەشی پڕ ژینت
بزەی گوڵینت..لەنجەی کەوینت

نمەی جوانی بە بوونا ئەپڕژێنن
ژیلەمۆی کسپەی سۆز ئەورووژێنن
٢٠٠٨

# پاییزی ئیمساڵ

پاییزی ئیمساڵ  خۆی جوان ئەنوێنێ
سروشت  سروودی شادی ئەخوێنێ

ئاسمان یەک پەلە هەوری تیا نییە
گەرد ئاشنایەتیی لەگەڵ با نییە

داهاتۆتەوە لق بە چرۆ و گوڵ
هەر ئاوەدانە هێلانەی بولبول

تا چاو پڕ ئەبێ لە دەشت و لە چۆل
فەرش کراوە  بە گیاي نەرم و نۆڵ

لە جیاتی لق بە ڕەشەبا بشکێ
بە شنە ، ناز و جوانیی لێ ئەتکێ

لە جیاتی گرمە و قوڵپی گریانی
چرپەیە و ئێسک سووکییە و جوانی

سەیرە .. پایزی ترم زۆر دیوە
گشت ئەم جوانییەی تێدا وەریوە

پایزە .. پایز هەرگیز وا نییە
ئەم خۆ نواندنە جێی بڕوا نییە
**١٩٦٥**

# پەندی وەرگێڕاو

تۆ زێڕی..زۆر پایەداری
من بەردێکم..نزم و هەرزان
نە من تۆزقاڵێ سەرکەوتم
نە تۆ کەوتی کە تۆم شکان
.
هەر چەن ڕۆژگار ڕووی گرژ کا
دەرکی ئەکەم چەن پڕ سووچم
هەرچەن زیاتر لە خۆم بگەم
زیاتر تێ ئەگەم چەن پووچم

## ژوانی کۆرۆنا

به دڵ تۆم خۆش ئەوێ .. نزیکم مەکەوە
گەر لە دەر گاشم دایت .. هەرگیز لێم مەکەوە

لەڕێگا بتبینم خۆم لە تۆ لا ئەدەم
لە دوورڕا هەر بەچاو بۆت ئەدوێم .. نەک بە دەم

ناهێڵم ماچم کەیت دەس خەیتە ناو دەستم
بەنامە دەربڕە.. دەرئەبڕم بۆت هەستم

وێران بێ کۆرۆنا لێکی دا بڕاندین
ژیانی لێ شێواندین .. مردووشی تۆقاندین

هیچی پێ نەهێشتین .. لەخۆشی و لە ئاوات
ئەبڵەق بووین نازانین بەرەو کوێ ئەمانبات

لێگەڕێ .. بمانبا ..بۆ هەر کوێ ..بیەوێ
ئاواتمان دێتە دی .. پێک ئەگەین .. ئا لەوێ
١٥ ـ ٣ ـ ٢٠٢٠

## هایکۆی کۆرۆنا

داوای ژوانێکم لێ کرد.
وتی ئیمڕۆ نا
وتم بۆ ...بۆ خاتری خوا
وتی .. کۆرۆنا
٢٠ ـ ١ ـ ٢٠٢٠

## بەشی دووەم

# لێکۆڵینەوە

# پێشەکی

ژمارەیێک نووسەر و ڕەخنەگر و قوتابییانی خوێندنی باڵا لە نامەکانیانا وتار و لێکۆڵینەوەیان لەبارەی ئەم شیعرانەوە پێشکەش کردووە ، لێیان:

**عبدالرزاق بيمار** ـ جوانکیلەی پەنا گرتوو . ڕۆژنامەی ـ پاشکۆی عیراق ـ ژمارە (٤٥٥ و ٤٥٧) ١٢و٢٦ /١٠/ ١٩٩٧

**کەریم شارەزا** وێنەی شیعریی لە چەپکە شیعرێکی دکتۆر وریا عومەر ئەمین ـ گ. نووسەری نوێ ژمارە (٢٢) هاوینی (٢٠٠٤) ل ٣٢ ـ ٤١

**ئەحمەد زەردەشت** ـ خوێندنەوەی ژیانی خوێندکاران و(فرمێسکیماڵئاوایی) ی دکتۆر وریا عمر امین. گ. گەرمیان ژ(١٠) ساڵی ٢٠٠٦ ل ٦١ — ٦٣.

**د. کەمال مەعروف** ـ وریا عومەر ئەمین و شیعر. گ. (کەکۆن) ژمارە (١٢) ی شوباتی ٢٠١١ ی ل ٣٩

**مەحموود زامدار** (١٩٨٢) دوو پارچە شیعری د. وریا عمر امین. گۆڤاری بەیان ژ ٨٣ ساڵی ١٩٨٢ ل٦١.

**د. معروف خەزنەدار**(٢٠٠٧) لەبارەی کۆمەڵە شیعری (سەیرانێکی شیعرستان) ی د. وریا عومەر ئەمین. ڕۆژنامەی (ئاڵای ئازادی) ژ ٧٢٠ ی ٢٠٠٧/١٠/٨.

**د. اسماعيل ابراهيم** (٢٠٠٢) لە بارەی وەرزی پایز لە شیعری کوردیدا. ڕۆژنامەی هاوکاری ژ ٣٨٤٥ ی ٢٠٠٢/١٠/٣٠.

**د. فازیل مەجید مەحمود**(٢٠٠٤) لە کتێبی (شیعری مناڵان لە ئەدەبی کوردیدا) . سەردەم ـ سلێمانی.

**فاروق نەقشبەندی (٢٠٠٨)** گوزەرێ بە دەڤەری سەیرانێکی شیعرستانی د. وریا عومەر ئەمین- دا ... ڕۆژنامەی (ڕۆژانەی سلێمانی) ژ ٣٧٢ ی ٢٠٠٨/٢/١١.

**ـــــــــــ ()** شیعری مناڵان لە ئەدەبی کوردیدا ١٩٧٥ ـ ١٩٩٠) نامەی ماجستێر.

**عابد بابان** (٢٠١٢) لەبارەی شیعری وریا عومەر ئەمین لە کتێبی (چوار وەرزی شیعر) چاپخانەی ڕۆژهەڵات ـ هەولێر.ل ٤٧ ـ ٥٠.

**د.سالار عوسمان** (٢٠١٤) پرسی مردن لە شیعری وریا عومەر ئەمیندا ـ لە نامەی دکتۆراکەیدا (مردن لە نێوان فەلسەفە و ئەدەبدا) زانکۆی دهۆک.

د. ئیدریس عبداللە (٢٠٢١) د. وریا عومەر ئەمین (گۆران)ە زیندووەکەی شیعری کوردی. فێسبوک ١٦ / ٢ / ٢٠٢١

هەروەها ئەم شیعرانە بوونەتە پرۆژەی باسی دەرچوونی چەن قوتابییەکی بەشە کوردییەکان.

١ ـ **حەسەن یووسف** (٢٠٠٨) رۆمانسییەت لە شیعرەکانی وریا عومەر ئەمین.کولێجی زمان – زانکۆی سەلاحەددین.

٢ –ـ **سۆران بهائەددین**(٢٠٠٨) رەشبینی لە شیعرەکانی وریا عومەر ئەمین. کولێجی زمان – زانکۆی سەلاحەددین.

٣ –ـ **یوسف عەلی محەممەد** (٢٠٠٨) لێکۆڵینەوەیێک لە بارەی شیعرەکانی شاعیر وریا عومەر ئەمین . کولێجی پەروەردە – زانکۆی سەلاحەددین.

٤ ـ **نور عیسی** (٢٠١٣) مانگ لە چاوی شاعیر وریا عومەر ئەمین. کولێجی پەروەردە – زانکۆی بەغداد.

٥ ـ **گوڵاڵە یوسف** (٢٠١٤) وێنەی شیعریی لای وریا عومەر ئەمین. کولێجی پەروەردە – زانکۆی بەغداد.

٦ ـ **انتصار فەوزی رەشید**(٢٠١٥) زمانی شیعریی وریا عومەر ئەمین. کولێجی پەروەردە – زانکۆی بەغداد.

٧ ـ **نیهایەت میرزا محەممەد** (٢٠١٥) لێکۆڵینەوەیێک لە شیعرەکانی د. وریا عومەر ئەمین. کولێجی پەروەردەی بنەڕەتی ـ زانکۆی سەلاحەددین.

٨ ـ **لاجان قاسم محمد و ئیمان مرشید حمد** (٢٠٢١) شێواز لە دیوانی شیعری (سەیرانێکی شیعرستان) ی (وریا عومەر ئەمین) دا.کولێجی پەروەردەی شەقڵاوە. زانکۆی سەلاحەدین.

## لێرە وەک نموونە بۆ ئەو باسانە چواریان دەخرێنە ڕوو:

**١ ـ عبدالرزاق بیمار** ـ جوانکیلەی پەنا گرتوو . رۆژنامەی ـ پاشکۆی عیراق ـ ژمارە (٤٥٥ و ٤٥٧) ١٢و٢٦ /١٠/ ١٩٩٧

**٢ ـ کەریم شارەزا** وێنەی شیعریی لە چەپکە شیعرێکی دکتۆر وریا عومەر ئەمین ـ گ. نووسەری نوێ ژمارە (٢٢) هاوینی (٢٠٠٤) ل ٣٢ ـ ٤١.

**٣ ـ ئەحمەد زەردەشت** ـ خوێندنەوەی ژیانی خوێندکاران و(فرمێسکی ماڵئاوایی) ی دکتۆر وریا عمر امین. گ. گەرمیان ژ(١٠) ساڵی ٢٠٠٦ ل ٦١ – ٦٣.

**٤ ـ د. کەمال مەعروف** ـ وریا عومەر ئەمین و شیعر. گ. (کەکۆن) ژمارە (١٢) ی شوباتی ٢٠١١ ی ل ٣٩.

**٥ –** د. ئیدریس عبدالله (٢٠٢١) د. وریا عومەر ئەمین (گۆران)ە زیندووەکەی شیعری کوردی.

# جوانکیلەی پەناگرتوو

**عبدالرزاق بیمار**

**ڕۆژنامەی ـ پاشکۆی عیراق ـ ژمارە (٤٥٥ و ٤٥٧) ١٢و٢٦ /١٠/ ١٩٩٧**

## لە نێوان ئەدەب و زانستدا

لە سەردەمێکدا، کە هەردوو بەشی ئەدەب و زانست بە تەواوی لێک جودابوونەتەوە، هەر یەکە ئالاَی سەربەخۆیی کار و بەرهەمی هەڵگرتووە. ئەوا نە ئەدەبەکە دەچێتە ژێر باری زانستەکەوە و نە بە پێچەوانەش. بەلاَم لە سەردەمێکی وەکو سەردەمی ئیسلامیدا کە دەستی ئەدەب بە سەر زانستدا زاڵ بوو... بە پێویست دەزانرا زاناکان دەست لە شیعر بدەن... تەنانەت زۆر زانستیش بە هۆنراوە دەنووسران.

ئیبن سینای بەناوبانگ، هەندێ بابەتی زانستی و فەلسەفەی بە هەڵبەست داناوە. یاقووتی حەمەویی جوغرافیازان کە بە وڵاتاندا گەڕاوە لە باسی ناوداراندا، ئەوەی بایەخی زۆری پێداوە بابەتی هەڵبەست دانان بووە و، نموونەشی زۆر لێ وەرگرتوون. ئەمڕۆکە بە تەواوی ئەم دوو بەشەی بەهرە و بیری و مرۆڤایەتی جیاوازن، بە جۆرێک هەتا لە پەخشانەکەشدا کە تێیدا هاوبەشن. لەوێشدا جیاوازی لە نێوان پەخشانی ئەدەبی و زانستی هەیە، بەلاَم ئەوەی

سەرنج ڕادەکێشێ ئەوەیە کە هەندێ جار بەهرەی ئەدەبی لە ژێر پاڵەپەستۆی پێداویستەکانی کاری زانستیدا، ئەگەر نەشکوژێتەوە کز دەبێت.

وا ڕێک دەکەوێ نووسەرێک بەهرەی هەڵبەست گوتن یان شانۆیی یان چیرۆک نووسینی دەبێت، بەلاَم لەبەرخۆ تەرخان کردنی بۆ کارە زانستییەکان ناپەرژێتە سەر نووسینی بەهرە ئەدەبییەکەی.

وەکو دەگێڕنەوە نالی مەلایەکی چاک و دەرس وێژێکی زانا بووە، بەلاَم بەهرەی شاعیریەتەکەی ئەوەندە بە هێز بووە کە پایە زانستییەکەی نەیتوانیوە بەری لێ بگرێت. بۆیە چ نامێلکەو کتێبێکی لە سەر زانست نەنووسیوە یان لە پاش بەجێ نەماوە، کەچی دیوانی شیعریی بە هەموو لایەکدا بڵاوبۆتەوە.

هەرچی سەید عبدالرحیم مەولەوییە، سەرەڕای بەهرە ئەدەبییەکەی خۆی پێ نەگیراوە دەمی لە لە زانستە ئیسلامییەکانی وەکو شەرعزانی (فیقە) و زانستی کلام و ائول داوە و بە هۆنراوە (الفچیلە و العقیدە المرچیە) و (الفوائح)ی نووسیووە.

بەڵام وەڵامی ئەم پرسیارەی کە ئایا کامیان باشترە یەکێک لە پێناوی زانستدا واز لە بەهرەی ئەدەبی خۆی بهێنێ یان بە پێچەوانەوە توانا زانستییەکانی خۆی بۆ خاتری هەڵبەست و چیرۆک بکوژێت ؟ لەوانەیە وەڵامەکەی بگەڕێتەوە بۆ باسی دوور و درێژی ئەوە، کە ئایا کامیان گرنگترە! ئەدەب یا ن زانست؟ لەبەر ئەوەیش هەردووکیان گرنگن و هەردوولا زادەی بیر و چالاکیی

مێشکی مرۆڤایەتین و، مرۆڤ پێویستیی بە هەردووکیان هەیە و ناتوانێ دەستبەرداری هیچ لایەکیان بێت... بۆیە بە رای من وا چاکە وەڵامی ئەم پرسیارە بە شێوەیەک بێت کە ئەگەر زانا بەهرەی ئەدەبیی لە خۆیدا دیت با ئەدەب بنووسێت و حەیفە ئەو خونچە گوڵانە نەگەشێنەوە و بەسەر چڵەکانیادا بمرن.

لە وڵاتی پەرەستێنی ئێمەدا کە هێشتا پێ تەرازووی ئەدەب گەلێ لە پێی زانست قورسترە، ئەوەندەی شاعیر و چیرۆکنووس و وتارنووس دەناسرێن و دەخرێنە ژێر بازنەی رووناکییەوە لە هۆیەکانی راگەیاندن باسیان دەکرێت و کۆڕ و کۆمەڵدا چالاکی دەنوێنن، ئەوەندە لێکۆلەرەوە و مامۆستایانی مەیدانی زانست ناناسرێن و باس ناکرێن.

جارێکیان برادەرێک — ساڵانی حەفتاکان — بە دکتۆر (شاکر خەسباک)ی گوت... مامۆستا بۆچی دەمێکە دەنگت نییە؟ مامۆستاش کە شارەزایەکی کۆڕی زانستی جوغرافیایە و چیرۆکنووسێکی ڕابەری چیرۆکی تازەشە، باسی چەن کتێبێکی کرد کە لە مەیدانی جوغرافیادا بڵاوی کردوونەتەوە، جگە لە چەن موحازەرەیێکیش لە کۆڕ و کۆمەڵی زانستیدا ... دوایی ڕا هاتە سەر ئەوە کە ئەگەر دکتۆر یەک دوو کۆمەڵە چیرۆکی تازەی بڵاوبکردایەتەوە، گەلێ لەو کتێب و کۆششە زانستانەی کە دەستنیشانی کردوون زیاتر دەنگی دەدایەوە و ناوبانگی پێ پەیدا دەکرد.

## بەهرەیەکی پەنادراو

دوای ئەم پێشدەستییەی خۆی بە سەر باسەکەماندا سەپاند، دێمە سەر سەرنجدانێکی رەخنەگرانە لەو چەند هەڵبەستەی کە ناو بە ناو (د. وریا عومەر ئەمین) بڵاویان دەکاتەوە. بەڕاستی هەڵبەستی ناو براو تووشی پەنادان و چارشێوپۆشی بووە لە عاست تەوژمی لێکۆڵینەوە و باسە زانستییەکانی، ئەگەرچی بە ژمارە کەمن، بەڵام نموونەی بەهرەیەکی گەشی شاعیرانەن. حەیفە ئاوڕیان لێ نەدرێتەوە. هەڵبەستەکان بە زمانێکی ڕەوان و بێ گرێ و ورد نووسراون. وشەکانیان ناسک و هەڵبژاردەن، هۆنینەوەشیان شوێنەواری زۆر لەخۆکردن دەسکارییان پێوە دیار نییە. پاشبەندی هەڵبەستەکانیش خۆیان بە نوێ دەنوێنن و لە پاشبەندە سواو و زۆر گوتراوەکان ناکەن. دێرەکانیش جووت

پاشبەندن. هەندێ جاریش سەربەستن. بە کێشی خۆماڵی و کێشە ڕەنگینەکانی مامۆستا گۆران هۆنراونەتەوە. سەرباری ئەمانەش کۆمەڵێ هەڵبەستی جوانی بۆ مناڵان نووسیوە. ئەوانیش بە بەرگی بەهرەی گەش و ئاڵ و واڵا ڕازاونەتەوە.

وریا لە کۆڕی زانستیدا باس و لێکۆڵینەوەی زۆرە، وەچە دوای وەچە قوتابی لە بەشی کوردیی کولێجی ئاداب پێگەیاندووە و لە مەیدانی ڕێزماندا شارەزایەکی پشت ئەستوورە بە بنکە و بناوانی زانستی.

## قوتابیی خوێندگەی گۆران

جا لە تەک پایەی زانستیدا جێی خۆیەتی بەهرەی هەڵبەست دانانیش لە پەنادا نەهێڵێ و لەو مەیدانەشدا وەکو مەیدانی زانستییەکە هونەر بنوێنێ .

ئەگەر سەیرێکی هەڵبەستەکانی بکەین... وا دەزانم بە سەرنجی یەکەم دیاربێ کە وریا عومەر ئەمین لە خوێنەرە شارەزاکانی هەڵبەستی گۆرانە، چ لە ڕووی پەسندی و پسپۆرییەوە بێت و، چ لە ڕووی ڕاکێشانی جادووی هونەرییەوە بێت، کەوتوەتە داوی کاریگەریی (گۆران) و وەکو هەر یەک لە قوتابییەکانی خوێندگەی گۆران ڕەفتار دەکات.

بە نموونە هەڵبەستی (سەرنج) دەخوێنمەوە (پاشکۆی عیراق ژمارە ٦٢ی ١٩٩٨/١١/٢٣) یەکسەر خۆم لە ژێر ئاسمانی پڕ لە بۆن و هەناسەی گوڵاودار و وشە هەڵبژاردە و شێوازە هونەرییەکەی هەڵبەستی (بەسەرهاتی ئەستێرەیێک) ی گۆران دا دەبینم.

سەرنجەکەی وریا وەکو پەل ڕاکێشانێکی ئەندامیانەی هەڵبەستەکەی گۆرانە و، ئەوەتا وریا دەڵێ:

**لە ئاسمانا ئەستێرەیێک هەیە پڕشنگدار**
**ئەی جوانەکەم ... من گیرۆدەی ئەوم وەتی پار**
**هەموو شەو تا بەری بەیان بۆم ئەجریوێنێ**
**هەموو تەلێکی ناو دڵی من ئەلەرێنێ**
**لە تەنیایی ژینی شەوا هاوڕازی منە**
**نەغمەی بولبولی بەیانان ئاوازی منە**
**تا دڵ و چاو ماندوو ئەبن هەر سەیری ئەکەم**
**تا لە ناخما ئەتوێتەوە دوا گرمۆچکەی خەم**

گۆران لە هەڵبەستەکەیدا دەربارەی بوون و نەمان و کورتیی خولی ژیان دەدوێ، کەوا ئەستێرەیەکی گەش لە ئاسمانا دەجریوێنێ و تاکو بەرەوخوار  کز دەبێت و لێوی تێنووی کەل وەک دڵۆپ هەڵی دەمژێ

**بانگی شێوان لە ئاسمانی خۆر نشین**
**ئەستێرەیەک ئەجریوێنێ گەش، شیرین**
**لە پڕشنگیا هەیە شێوەی چاوی کاڵ**
**لە لەرزینیا زەردەخەنەی لێوی ئاڵ**
**وەک ئەو گوڵەی ئەیدا لە سەر نازدارێ**
**تێر نابێ لێی هەر چاوێ بۆی ئەڕوانێ**
**منیش یەکێ لەو تەماشاکەرانەم**
**دڵ گیرۆدەی ئەم جوانیی ئێوارانەم**

بەڵام ئەستێرەکەی وریا بۆ ئەوەیە کە بیکا بە نموونەی جوانیی یارە خۆشەویستەکەی، گەشیی چاوی، ماتی و هێمنی، دووری و بەرزی لە ئەستێرەکەدا دەبینێ.

**ئەی جوانەکەم ئەزانی بۆ گیرۆدەی ئەوم**
**لە پێناویا هەموو شەو پێ ئەنێم لە خەوم**
**چونکە گەشیی چاوت هەیە لە پڕشنگی یا**
**ماتی و هێمنیی تۆ هەیە لە بێ دەنگی یا**
**چونکە لە دووریا دووریم لە تۆ ئەبینم**
**لە بەرزییا شوێنت لەناو دڵا ئەخوێنم**

ئەو وێکچوونە دەرهەستە جوانانەی هەڵبەستەکە، بە تایبەتی وێکچوونی بەرزیی ئەستێرە و پایە بەرزیی یار لە ناو دڵدا کارێکی هونەرمەندانەیە، بە گشتی ئەو چوارچێوەیەی بۆ سەرنجەکەی دروستی کردووە دڵگر و شایستەیە. بەڵام ئەو دوو دێرە هەڵبەستەی لە کۆتاییدا تێکەڵ بەم هەڵبەستە کراون، دیارە دوو دێری سەربەخۆن و چ پەیوەندییەکیان بە تابلۆی ئەستێرەکەوە نییە، هەتا لە کێشیشدا جیاوازن. لە راستیدا وەکو چوار خشتەییێکی

بابەتێکی جوانی سەربەخۆ و تابلۆی چیرۆکی (گوڵ)یان نەخشاندووە، کە چیرۆکی تێبینی وردی سروشت و ژیانە.
ڕاستە کاروانی گوڵ دێت و دەڕوات و پاش ڕۆیشتنی خۆزگەی بۆ دەخوازین. هەر بەم جۆرەش دۆستێک کە هەموو ڕۆژ گوڵێکی بۆ دەهێنا، ئەویش ڕۆیی و ئیتر ئەمە دونیایە و ڕەفتاری سروشتە. با ئەو تێبینییە جوانە بخوێنینەوە:

**کاروانی گوڵ وا خەریکە بار ئەکا**
**گیانم خۆزگە بە بەهاری پار ئەکا**
**کە هەموو ڕۆژ گوڵێکت بۆ ئەهێنام**
**ئیستاش نەک گوڵ هەر خۆشت نایەیتە لام**

## دڵداریی سەرپێییانە

دەبێ ئەو یارە کێ بێ کە شاعیر بە زمانی هەڵبەست دەیدوێنێ ؟ لە یەک دوو پارچە هەڵبەستدا وێنەکەی دەبینین. بەڵام لەوانەیە پێی دڵنیا نەبین. با جارێ لە سەزەتای ئەم دڵدارییەوە دەست پێ بکەین:
لە هەڵبەستی دوا ماڵئاواییدا (هاوکاری ژ ٢٦٩٩ی ڕۆژی ١٩٩٧/٥/٣١) کە وا پێشان دەدا ساڵی ١٩٧١ داندراوە و لەو ساڵەدا ماڵئاواییەکە ڕوویداوە شاعیر باسی کۆتا هاتنی چوارساڵەی خوێندنی کولێج دەکات کە خوێندکاران پەرتوبڵاو دەبن و گەلێ یادگاریی ئەم چوار ساڵە لە دڵ و دەروونداا بە جێ دەهێڵن. ئەو چوار ساڵە ــ وەکو دەڵێ ــ بەهەشتێک و بە ناو گوڵانا گەشتێ بوو... قوتابیان شاد و دەم بە بەستە بوون، لەم بۆنەیەدا ڕوو دەکاتە (فرمێسک، ئاخ، دڵ، بوون، خوێن، ئاوات، لەش و هەست) کە هەریەکە بە جۆرێک خەمبار و پەریشانن و داوایان لێ دەکات:

**دوا ماڵئاواییتان بکەن لەم چوار ساڵە**
**ئاهەنگێکی خۆش بگێڕن هەرچەن تاڵە**

بەشی دووەمی ماڵاواییەکە یادی (دڵداری) یەکە کەوا لە خوێندکارانی هاوڕێی گۆشە دەگرێت و بەلایەکی دا دەڕوانێت:

**ئەی ئەو کچە خنجیلانەی ئاواتم بووی**
**تۆ پەرستگای دڵی خەمگین و ماتم بووی**

وا پێشانی دەدا کە ئەم چوار ساڵە بۆ ئەو هەر خۆشی نەبوو، بەڵکو ئەگەر بە وردی وێنەی ژینی ئەو چوار ساڵە بخرێتە ژێر زەرەبین دیار دەبێ کە پڕ برین و وەک بیابان و بێ بەهار بووە، لێو بە گریان و کەساس بووە، کچێک مایەی ڕووناکی و گوڵزار و باران و زەردەخەنە و هێزی لەش بووە... بەڵام ئەو دڵدارە نەبووە کە پێوەندیی توند و تۆڵی خۆشەویستیی پێکەوە کۆی کردبنەوە. هەر سەرنج و نیگای شاعیر وپەسندیی جوانییەکەی بووە، نەک خۆراکی گیانی برسی – خۆی گوتەنی – ئیدی گیانی برسیی لاوێک هەر (تەماشا) و پەسندی نابێتەوە هێز و تین و خۆراکی پێویست بووی هەرزەکارانە نا، بەڵکو دڵدارانە (جورئەت بکا) و دەرگەی (پەرستگای دڵداری) بکاتەوە، بۆیە ڕاشکاوانە دەری دەبڕێ :

**تاڵە تیشکی شەوی ژینی پڕ زارم بووی**
**خۆری ئاسۆی گوڵزاری بێ بەهارم بووی**
**شنەو باران و فێنکیی بیابانم بووی**
**زەردەخەنەی سەر لێوی بە گریانم بووی**
**ئێش لابەری دەرد و زامی کەساسیم بووی**
**هێز و تین و خۆراکی گیانی برسیم بووی**
**سەردەمێکە .. ئەمەوێ و جورئەت ناهێنم**
**لەبەر دەمتا بوەستم بۆت بدرکێنم**
**تێتگەیێنم .. لە چ دۆزەخێکا ژیاوم**
**بزەی چاوت چ گڕێکی تێبەرداوم**

ئیتر خۆزگەیەک و خەونێک بوو ... بوون بە ڕابردوو، هیچیشی لێ بەجێ نەما. چۆن بەجێ دەمینێ کە کارەکە بیناغەڕێژ و پتەو نەبوو:

**یادت ئەکەم... نازانی کێی یادم بکەی**
**بەڵکو جارجار بە نامەیێ شادم بکەی**

دوای تێپەڕ بوونی دە ساڵ بە سەر دڵدارییەکی بێ ئەنجامدا، دوای ئەوەی بیرەوەریی خۆشەویستەکەی وەکو سوورایی خۆرنشین بەرە بەرە توایەوە. برینەکەی سارێژ بووەوە. ئەم ماوە دە ساڵە ماوەیەکی زۆر و کاریگەرە، بۆیە شاعیر (دڵنیا) و بێ ئاگا و دوور لە دڵەڕاوکێی دڵداری دەژیا (ئەمەش وەکو لە هەڵبەستی ـ ئاواتی نوێ ـ پاشکۆی عیراق ژ ٨٦ی ١٩٨٩/٥/٣) دا دیارە:

**سەردەمێک بوو دڵنیا بووم**
**لە دونیای خۆما تەنیا بووم**
**بیرەوەریی**
**خۆشەویستیی دە ساڵ پێشووم**
**وەکوو سوورایی خۆر نشین**
**بەرە بەرە توایەوە**
**کسپەی سۆزم کوژایەوە**

وەنەبێ تۆماری یادگاری شاعیر هەر خەم و هەر پەژارە بێت .گریان و هەناسەی دڵدارێکی دڵ پڕ لە ئاوات بێت! وەنەبێ هەر لاوە کوردەکەی ژێر تەمی هەرزەکاری و گیان برسیی ژن و ژیان بێت! ئەوەتا لە لەندەن لە ژیانی شارستانییەتیدا پاش ئەوەی کولێجی لە بەغدا تەواو کرد و بۆ خوێندنی بەرز ڕووی کردە ئەوێ... (ئێلین) دەناسێ کەوا :

**لە پڕ زەردەخەنەی ئێلین**
**تەلەکانی دڵمی دیسان هێنا لەرین**
**تیشکی چاوە سەوزەکانی**
**منی خستە بەهارێکی**
**یەکجار بەرین**

بەڵام چاوە سەوزەکانی کچە ئینگلیزەکەش نەیتوانیوە دڵی شاعیر لە ناخەوە بهەژێنێ و بڕیاری پێ بدات و پەیمانی خۆشەویستیی بێ ببەستێ. بەڵکو تەنیا ئاواتێک بووە وەکوو ئاواتەکانی پێشووی و شیرینییەکەی دوای دە ساڵی یادگاری تاڵ حیسابە و هیچی تر.

**گەڕامەوە لە سەفەری دە ساڵەی تاڵ**
**بۆ باوەشی ئاواتێکی تری شیرین**

بەم جۆرە دڵدارییەکە هەر لە بازنەی خەیاڵ و ئاوات و بەزمی تەماشادا مایەوە و ڕێی بەرەو قۆناغی سەرشار و ژینی تازە نەبرد.

## گەشتی دوایی

بەم جۆرە ئەو دیمەنانەی لە دڵداریدا پێشانی داین هەمووی ئەنجامی ژیانێک بوو کە منداڵی و لاویی تاڵ بووە... کە ئامانجی تێدا نەپێکاوە، نەخشەی بە ئەنجام گەیشتنی ئاواتی تێدا وێنە کێشاوە... بۆیە:

**زۆر هەوری توند هات و ڕەت  بوو نەیکرد بە ڕێژنە**
**زۆر مانگی نوێ هەڵات هیچی نەیکرد بە جێژنە**

ئەم دوایی گەشتەشی لە هەڵبەستی  (چەن تابلۆیەکی داستانی چلەی ژیانم) دا دیارە (ڕەنگین ژمارە ١٠٣ی ساڵی ١٩٩٧) کە تابلۆیەکی خەماوی و ڕەشپۆش دەنوێنن. کە منداڵیی بریتییە لە بەهەشتی زەوتکراو. بەدبەختی و فرمێسکی خوێنین، (لاو) یش بەهارێکی پڕ لە مەینەتە. هەی داخەکەم کێ چووزانی شاعیر ئەمە وێنەی ژینییەتی:

**نە منالّیم منالّی بوو نە لاویم لاوی**
**کارەسات و مەینەت نەما نەکەومە داوی**

بەڵام ئەگەر زەوی وشکی شاعیر بارانی لێ نەباریبێ و بە ڕۆژی جەژن نەگەیشتبێ و ژینێکی تاڵی ڕابواردبێ، وەنەبێ وەکو ڕۆمانتیکییەکان تامی لە ئازار چەشتبێ و لە ناو قۆزاغەی خەم و ئازاردا خەریکی سکاڵا و فرمێسک ڕشتن بووبێ . نەخێر بەڵکو هەڵوێستێکی مرۆڤانەی بەرزی گرتووە کە پوختەی تێڕوانینی خۆ بەخت کردن و چاکەخوازی و خۆ لەبیرکردنە... ئەوەتا بەشێوازێکی ڕوون و ڕەوان باسی ئەنجام و ناوەرۆکی داستانی چل ساڵەی ژیان دەکات کە چارەنووس سەرکەوتنی مرۆڤایەتییە:

**لەگەڵ ئەوەی ژیانم هەمووی تاڵی و ترشی بوو**
**بە گەشبینی و زەردەخەنە ڕووی خۆم پۆشیبوو**
**ژەهراوم پێشکەش بکرابا.. ئەمکرد بە شەکراو**
**گریانم کردە گۆرانی... فرمێسک بە گوڵاو**
**دڵخۆشێکم دیبا دڵم لەو خۆشتر ئەبوو**
**لەگەڵ گریاوان گریانم بە جۆشتر ئەبوو**
**ئاسۆی تارم بە ئەستێرەی گەش گەش جنیبوو**
**لەو شوێنە خۆم ئەدۆزیەوە... لووتکەی ونی بوو**

ئای لەم گیانە مرۆڤپەروەرییە بەرزە!

دەست خۆش بۆ ئەو جووڵە کۆتاییەی داستانی گەشتی دواییە، کە لە ڕێگەی خۆ بەختکردن و ئازار چەشتنەوە چاکەی گشتی بە ئامانج دەگرێ و لەو شوێنانە کە هی تری کەمپشوو بە ون بوون و سەر لێ شێوانی دەزانن، ئەو لەو شوێنە خۆی دەدۆزێتەوە.

لە کۆتاییدا سەرنجێکی گشتیی وام بۆ دیار دەکات کە هەڵبەستە ناسکەکانی پرۆفیسۆر وریا عومەر ئەمین لە بەرگێکی ڕێک و دوور لە ئاژاوەی خەیاڵی شاعیرانەدا خۆ دەنوێنن. تۆ بڵیی ئەو شێوازە زانستانەیان گرتبێ کە پرۆفیسۆری زمانەوان دەمێکە پێوەی خەریکە و بە حیسابی ماتماتیکانەو خشتە و نەخشە مەسەلەکانی ڕێزمان شی دەکاتەوە؟ هەر چۆنێک بێ ئەم شێوازە زیانی بە هەڵبەستەکان نەگەیاندووە.

بۆیە لێرەدا دەگەڕێینەوە سەر پێشدەستی وتارەکە و داواخوازین ئەو بەهرە ئەدەبییانە شایان نییە لە ژێر باڵی زانستدا پەنا بدرێن.

وەکو ئاگادارم لە دوو بواری تری هەڵبەستیشدا هونەری نواندووە. کە هەر یەک لەم بوارانەش گرنگی و بایەخی خۆی هەیە،یێکێکیان هەڵبەستی منداڵانە کە چەند نموونەیەکی لێ بڵاو کردۆتەوە و وەکو بەستە وەبەر گوێی زارۆکەکانی خۆیداداون. دووەمیان هەڵبەستی کۆمیدیایە کە کۆمەڵێک قسەی خۆش و ڕەخنەی سیاسی و هەندێ جار زمانتیژی و گاڵتەی بە تەوسەوەی لە چوارچێوەیەکی ساکار و پەسنددا کۆکردۆتەوە.شیعری گاڵتەو گەپی واشی هەیە کە بڕوا ناکەم لە بواری ئەدەب و ڕەخنەسازیدا هیچ زاراوەیێکی بۆ هەبێ... وەک ئەمەی لە ڕۆژنامەی هاوکاریدا ژمارە ٢٩١٨ی ڕۆژی ١٩٩٨/٦/١٧ دا بە ناوی (شەماڵ) ەوە بڵاوی کردۆتەوە:

**شاوەکەی هەڵگرت  کردی بە پەرسۆک**
**بێ ترس لە لاسان پڕی دایە خۆک**
**هیچ دادی  نەدا  لاڤان و  داپان**
**لە حەژمەتانا ڕووی کردە ساپان**
**تالاش لە هەشی ئەودیو شازاری**
**کاڕۆشی بووە .. بەزمی  لازاری**
**دەرمای لارانی پێدانی خەنگی**
**بوو بە ڕێوانی شاڵی شەڕەنگی**

کێ ئەزانێ شاعیر مەبەستی چی یە!؟ خۆزگە ئەمانە و هەموو ئەو شیعرانەی کە تا ئیستا ئازادی نەکردوون بیانکات بە دیوانێ و بیخاتە گوڵدانی ئەدەبی کوردی.
**ڕۆژنامەی ـ پاشکۆی عیراق ـ ژمارە  (٤٥٥ و ٤٥٧)  ١٢و٢٦ /١٠/ ١٩٩٧**

# وێنەی شیعریی لە چەپکە شیعرێکی دکتۆر وریا عومەر ئەمین

کەریم شارەزا

گۆڤاری نووسەری نوێ ژمارە (٢٢) هاوینی (٢٠٠٤) ل ٣٢ ـ ٤١

## پێشەکی

وێنەی شیعری لە سادەترین پێناسەیدا وێنەیێکی ڕوونبێژی بە وشە کێشراوە و لە ڕێگەی وەسف و لێکچواندن و ئاوەڵواتاوە دەخوڵقێ. بە مەرجێ شەپۆلی هەستی شاعیر و سۆز و ئەندێشەی دەورێکی بنیاتنەرانە لەو خوڵقاندنەدا ببینن و شاعیر خۆی بکاتە هاوتای ئەو شتانەی کە لە هەست و هۆشی خۆیدا دەرکیان پێدەکات (١).

کەواتە چەندە وەسف و لێکچواندن و ئاوەڵواتا (خوازە و خواستن) وێنەی شیعریی دەخوڵقێنن، ئەوەندەش هەست و سۆز و ئەندیشەی قووڵی شاعیری بەهرەدار دەور لە خوڵقاندنی ئەو وێنەیەدا دەبینن.

وێنەی شیعریی دەوری جوانکاریی و ڕوونکردنەوە لە بنیادی هۆنراوەدا دەبینێ، چونکە ئەو وێنانەی ناو هۆنراوەی شاعیری لێهاتوو وەک ڕیزە ئاوێنەیەک وان کە لە گۆشەکانی بنیادی ئەو هۆنراوەیەدا دانرابن , بۆ ئەوەی بە ڕوون و ڕەوانی ناوەرۆکی بابەتەکە

بنوێنن و ئەو وێنانەش گەر جوان و سیحراوی بن، ئەوە تەنیا بابەتە شیعرییەکە دەرنابڕن، بەلکوو گیان و ڕوخساری ڕازاوەیشی پێدەبەخشن (٢).

لە سەرێکی دیکەشەوە، وێنەی شیعریی یارمەتی خوێنەری هۆنراوە دەدات بۆ چێژ وەرگرتن لە هونەری درووستبوونی وێنەی جوان و شادیبەخش و نەفرەتکردن لە وێنەی ناشیرین و دزێو و لە هەمان کاتیشدا توانستی رەخنەگرتن و هەڵسەنگاندن لەلای خوێنەر و ئەو ڕەخنەگرە مەعلانانەی کە بنچینەی پێکەوەنانی وێنەی شیعری و ئەرکەکانی لە هۆنراوەدا بە چاکی دەزانن (٣).

### وێنەی شیعری لە چەپکە شیعرێکی دکتۆر وریادا:

دکتۆر وریا عومەر ئەمین، هەروەک پرۆفیسۆری پسپۆرە لە زمانی کوردی و گەردوونناسێکی مەعلانی کوردەو لێکۆڵینەوەی بە نرخی لەو زانستانەدا پێشکێش بە کتێبخانەی کوردی کردووە و جێگەی پەسندی خوێنەری هۆشیاری کوردن. دەبینین لە هەمان کاتدا شاعیرێکی شیعر ناسکی نوێکارە و لە خوێندنەوەی چەپکە شیعرێکیدا کە پێشکێشی کردووین، بە تەواوی سەرنجی ڕاکێشام کە شاعیرێکی نوێکارە و لە شاگردە

هەرە زیرەکەکانی شاعیری مەزنی کورد (گۆران) ـە و بە کێشی خۆماڵی کوردی هونراوەکانی سەرکەوتووانە داڕشتووەو لە شیعری لیرکی و بە تایبەتی لە وەسفدا گەلێک سەرکەوتووە و ڕستە شیعرییەکانی بە زنجیرەیەک وێنەی شیعری ڕازاندۆتەوە و هەندێ جاریش دەبنە تابلۆی چەند دیمەنێ.

لێرەو دوا بە پێی توانا بە دوای وێنە گەش و گۆڵەکانی نێو هۆنراوە ناسکەکانی ئەم چەپکە شیعرەی دەکەوین تاکو بزانین چۆن ئەو وێنانەی لە باری بێ ئاگایی هۆش و هەستیدا بۆ خوڵقاوە و هەر وێنەیێکیشی بە چ هەستێک وەردەگیرێن و لە چ بارێکی وەستاو یا جووڵاودا دەردەکەون.

شاعیر لە هۆنراوەیەکیدا بە ناوی (چاوی نەورۆزی) وەسفێکی جوان و نایابی چاوە نەورۆزییەکانی یارە خۆشەویستەکەی دەکات و سەرەتا بەم دێرە شیعرە ناسکەی دەست پێ دەکات:

**چاوەکانت دوو ئاسمانی بێ پایانن**

**دوو مانگی ڕوو لە گزنگی بەربەیانن**

لەم دێرەیدا دوو وێنەی شیعریی جوانی بۆ خوڵقاندووین، لە نیوەی یەکەمیدا چاوەکانی ئەو یارە شۆخ و نازدارەی بە دوو ئاسمانی شینی بێ کۆتایی چوواندووە و وێنەیێکی وەستاوی خوڵقاندووە و بە هەستی بینین وەردەگیرێ . کە دەشلێ (بێ پایانن) ئەمە ئەوە دەگەیێنێ کە وێنەکە یەکجار درێژ دەبێتەوە و کۆتایی نایەت!

لە نیوەی دووەمی دێرەکەشدا، چاوەکانی ئەو یارە شۆخەی بە (دوو مانگی ڕوو لە گزنگی بەر بەیان) دەچوێنێ، بەمەش وێنەیەکی شیعریی لە جۆری وەستاو دەخوڵقێنێ، کە بە هەستی بینین دەرکی پێ دەکرێ.

شاعیر لە دێرێکی دیکەی هۆنراوەکەیدا، ئەو چاوانەی یارە جوانەکەی بە (دوو ڕووباری بەر سوورایی خۆر نشین) و بە (دوو ئەستێرەی پڕشنگداری گەش و شین) دەچوێنێ و لە ڕێگەی ئەو دوو لێکچوواندنە ناسکانەوە دوو وێنەی شیعری دەخوڵقێنێ کە هەردووکیان لە جۆری وەستاون و بە هەستی بینین وەردەگیرێن و ئەگەر بەراووردییەک لە نێوان ئەو دوو وێنەیەدا بکەین، هەستدەکەین گەش و گۆڵتره لە هی یەکەمیان، چونکە لێکچواندنی چاو بە ئەستێرەی پڕشنگدار جوانترە لە لێکچواندنی بەڕووبار و باشتر هەست و سۆز و ئەندێشەی خوڵقێنەر دەڕازێنێتەوە و ئەمەش دەقی دێرە شیعرەکەیە کە ئاماژە بۆ چاوەکانی خۆشەویستەکەی شاعیر دەکات:

**دوو ڕوباری بەر سوورایی خۆرنشینن**
**دوو ئەستێرەی پڕشنگداری گەش و شینن**

شاعیر لە دێڕێکی دیکەی ئەو هۆنراوە ناسکەیدا لە سەر هونەری لێکچواندنی چاوە جوانەکانی ئەو یارە نازدارەی بە دیاریی سروشتی وەک (جۆگەلەی بەر تریفەی مانگە شەو) و (باڵداری ئێسک سووکی وەک قوڵینگ) دەچوێنێ و دەڵێ ئەو چاوانەی :

**دوو جۆگەلەی بەر تریفەی مانگە شەون**
**دوو قوڵینگن ... لە ئاسۆدا سەر ئەکەون**

ئەمجارەش شاعیرمان دوو وێنەی شیعریی بۆ خوڵقاندووین، بەڵام بە پێچوانەی وێنەکانی پێشوون، ئەم دووانە لە جۆری جووڵاون، چونکە لە وێنەی یەکەمدا جۆگەلە دەڕوات و ناوەستێ و لە وێنەی دووەمیشدا قوڵینگ لە باری هەڵفڕیندایە و بەرەو ئاسۆ بەرزەفڕە و وێنەکەش بە هەستی بینین وەردەگیرێن.
شاعیر لە دێڕێکی دیکەی هۆنراوەکەیدا وەک سەرجەم دێرە شیعرەکانی دیکەی دوو وێنەی شیعریی یەک لە دوای یەکی بۆ خوڵقاندووین، بەوەی کە دەڵێ:

**دوو مانگی ناو.. گۆمی مەنگی دارستانن**
**دوو لووتکە چیای سەختی بەفرینی کوێستانن**

لە نیوەی دێری یەکەمدا شاعیر چاوەکانی خۆشەویستەکەی بە دوو مانگی ناو گۆمی مەندی دارستانی وڵاتەکەی خۆی دەچوێنێ و بەمەش وێنەیێکی شیعریی لە جۆری وەستاو دەخوڵقێنێ، کە بە هەستی بینین وەردەگیرێ و ئەم وێنەیانی تا ڕادەیێکی باش جوانی دەبەخشێ، بەڵام لە نیوە دێری دووەمدا کە چاوەکانی ئەو شۆخە بە (دوو لووتکەی چیای سەختی بەفرین) دەچوێنێ تا ڕادەیەک جوانییەکەی لە دەست دەدات و هەر چەندە مەبەستی شاعیر دەربڕینی دیمەنە سەرنجراکێشەکانی کوردستانە، بەڵام ئەگەر هیوای یارەکەی بە لووتکەی چیا چواندابا پتەوتر دەبوو و ئیستاش هەرچۆنێک بێت شاعیر وێنە شیعرییەکەی خەڵقاندووە لە جۆری وەستاو و بە هەستی بینین وەردەگیرێ.
شاعیر لە دێڕێکی دیکەی هۆنراوەکەیدا لە لێکچوواندنی چاوەکانی دڵدارەکەی بە (بلێسەی گڕی نەورۆز) و بە (هەوری ناز) و (شنەی ڕاز) و (کانیی سۆز) زنجیرەیێک لە وێنەی شیعریی دروستدەکات و دەڵێ:

**چاوەکانت بلێسەی گڕی نەورۆزن**

**هەوری نازن... شنەی رازن... کانیی سۆزن**

لە نیوە دێری یەکەمدا کە چاوەکانی ئەو یارە شۆخە بە (بلێسەی گڕی نەورۆز) دەچوێنێ، وێنەیەکی گەش و گۆڵی شیعریی ناسک دەخوڵقێنێ، کە لە جۆری وەستاوە و بە هەستی بینین وەردەگیرێ. بەڵام لە نیوەی دووەمیدا بە لێکچواندنی ئەو چاوانە بە (شنەی راز) و، ئینجا وێنەی سێیەمی دەخاتە پاڵیان بە لێکچواندنی چاوەکانی خۆشەویستەکەی بە (کانیی سۆز) و بەم جۆرە دیمەنێکی ئاوێتە لە سێ وێنەی یەک لە دوای یەکدی هاتوومان بۆ دەخوڵقێنێ کە هەسێکیان بە هەستی بینین وەردەگیرێن، یەکەم و سێیەمیان لە جۆری وەستاون، بەڵام دووەمیان لە جۆری جووڵاوە، چونکە (شنە) خۆی جووڵانەوەیە.
لە کۆتایی هۆنراوەکەیدا شاعیر دوو وێنەی پڕ لە هەست و سۆزی نەتەوەیی کوردمان بۆ دەخوڵقێنێ و دەیانکاتە گوڵاوی کۆتایی هۆنراوەکەی:

**چاوەکانت هەزار ئەفسانە و داستانن**

**پەنۆڕامەی هەموو مێژووی کوردستانن**

لە نیوە دێری یەکەمیدا چاوەکانی ئەو شۆخە دەکات بە (هەزار ئەفسانە و داستان )ی ژیانی مرۆڤایەتیی سەردەمی زوو، بەمەش وێنەیەکی شیعریی لە جۆری وەستاومان بۆ دەکێشێ و بە هەستی بینین و لێکدانەوەی مێشک و ئەندێشەی ژیانی ڕابردووی مرۆڤایەتی وەردەگیرێ و لە نیوە دێری دووەمیشدا کە ئەو چاوە گەشانەی پەنۆڕامەی سەرتاپای مێژووی کوردستان دەچوێنێ وێنەیەکی پڕ سۆزی نەتەوەیی کوردمان بۆ دەخوڵقێنێ، چونکە پەنۆڕامە هەزاران وێنەی جیاجیای جووڵاو لە خۆ دەگرن، بۆیە وێنەکە لە جۆری جووڵاوە و بە هەستی بینین و لێکدانەوەی بیر و ئەندێشەی مرۆڤی ڕووناکبیر وەردەگیرێن.
شاعیر لە دێرێکی هۆنراوەیەکی دیکەیدا بە ناوی (سەیرانی نەورۆز) وێنەیەکی ناسکی شیعریی بۆ خوڵقاندووین و دەڵێ :

**بە دیمەنی بەهار مەست بووین، ون بووین، نەماین**

**بەو بۆنانـــەی کە نـــەرمە با لە ڕووی ئـــەداین**

لە مەست بوون بە دیمەنی بەهار هونەری خواستن (الاستعارە) ی خوڵقاندووە. لەم هونەرەش وێنەیەکی وەستاو دروست بووە و بە هەستی بینین وەردەگیرێ و لە نیوە دێری دووەمیشدا مەست بوونی (بەو بۆنانەیە کە نەرمە با لە ڕووی ئەدا) هونەرێکی دیکەی خوڵقاندووە و لەمەش وێنەیەکی جووڵاوی شیعریی پێکەوە ناوە، چونکە نەرمە با بە جووڵانەوە پێکدێ و وێنەکەش بە هەستی بۆنکردن وەردەگیرێ.

شاعیر لە هەمان هۆنراوەدا دوو وێنەی یەک لە دوای یەکی لە ڕێگەی هونەری خواستنەوە خوڵقاندووە و گوتوویەتی:

**بلێسەی دڵ گڵپەی بەرز بوو کەوتە جۆش**

**تواینەوە لە ناو جوانیی بەهاری خۆش**

لە بەرزبوونەوەی گڵپەی بلێسەی دڵ هونەرێکی جوانی خواستن خوڵقاوە و ئەمەش وێنەیەکی ناسکی شیعریی پێکهێناوە و لە جۆری جووڵاوە و بە هەستی بینین وەردەگیرێ و لە (توانەوەی شاعیر لە ناو جوانیی بەهاریش) دیسان هونەری خواستنی ڕەوانبێژی خوڵقاندووە و بۆتە مایەی خوڵقاندنی وێنەیەکی جووڵاو کە بە هەستی بینین و لێکدانەوەی مێشک وەردەگیرێ، هەردوو وێنەکەش تەواوکەری یەکترن لە خوڵقاندنی تابلۆیەکی ڕازاوەدا. شاعیر لە هەمان هۆنراوەیدا کوردستانی نیشتمانی کردۆتە یارەکەی خۆی و سەرسامە لەوەی بەکام دەنگ و بە کام ئاواز بۆی بچریکێنێ و با بزانین چیی بۆ خوڵقاندووین؟

**بە کام دەنگی ناسک و ساز .. بە کام ئاواز**

**بچریکێنم بۆت ئەی کوردستانی بەناز ؟**

لەم دێرە شیعرەیدا شاعیر وێنەیەکی ڕوون و ڕەوانی شیعریی بۆ خوڵقاندووین و وێنەکەش لە جۆری وەستاوەو بە وەسفی جوانیی دیمەنەکە کارەکەی ئەنجامداوە و بە هەستی بیستن وەردەگیرێ، چونکە دەنگ وساز و ئاوازی گرتۆتە خۆ و چریکانیشی تێدایە بۆ کوردستانە خۆشەویستەکەی.

شاعیر لە هۆنراوەیەکی دیکەیدا بە ناوی (چەن تابلۆیەکی داستانی چلەی ژیانم) و لە دوا دێریدا جوانترین وێنەی شیعریی لە بارێکی بێ ئاگایی هۆشیەوە خوڵقاندووە و دەڵێ :

**ئاسۆی تارم بە ئەستێرەی گەش گەش چنیبوو**

**لەو شوێنە خۆم ئەدۆزیەوە لووتکەی ونی بوو**

شاعیر کە (ئاسۆی تاریکی بە ئەستێرەی گەش گەش دەچنێ) هونەری خواستنی ڕەوانبێژی دەخوڵقێنێ و لە مەوەش وێنەیەکی وەستاو دەکێشێ و بە هەستی بینین وەردەگیرێ و چوارچێوەی وێنەکە دیارە، بەڵام لە نیوە دێری دووەمیدا کە (خۆی لە لووتکەی ونی دەدۆزێتەوە) لێرەدا وێنەیەک دەکێشێ بێ کۆتایی، چونکە لووتکە (لووتکەی ونیە) و وێنەکەش لە جۆری وەستاوە و بە هەستی بینین وەردەگیرێ.

لە هۆنراوەیەکی دیکەشیدا بە ناوی (سەرنج) یارە خۆشەویستەکەی بە ئەستێرەیەکی گەش و پڕشنگدار دەچوێنێ و لە دێری دووەمی هۆنراوەکەیدا لە ڕێگەی پێکەوەنانی هونەری (خواستن)ەوە، وێنەیەکی ڕوون و ڕەوانی شیعریی دەخوڵقێنێ بەوەی ئەو ئەستێرەیە تاکو بەری بەیان بۆ شاعیر دجریوێنێ و هەموو تەلێکی ناو دڵی دەلەرێنێتەوە و دەڵێ:

**هەموو شەو تا بەری بەیان بۆم ئەجریوێنێ**

**هەموو تەلێکی ناو دڵی من ئەلەرێنێ**

وێنەکەش لە جۆری جووڵاوە، چونکە جریواندن و لەرینەوەی تێدایە بە هەستەکانی بیستن و بینین وەردەگیرێ.

لە هۆنراوەیەکی دیکەشیدا بە ناوی (خەم و ترس) شاعیر لە ڕێگە پێکەوەنانی هونەری (خواستن) لە (گڕی سۆز) (هۆشی چنراو بە مەراق) وێنەیەکی وەستاوی شیعریی بۆ خوڵقاندووین و با بزانین چی کردووە؟

**گڕی سۆزت دڵی تاری ڕووناک کردووم**

**هۆشی چنراو بە مەراقی بێباک کردووم**

وێنەکەش بە هەستی بینین دەرکی پێ دەکرێ

شاعیر لە هۆنراوەیەکی دیکەیدا بە ناوی (چەن چرۆیەکی دارستانی دڵم) دیسان بە هۆی پێکەوە نانی هونەری(خواستن) ی (پشکۆی سۆزی کوورەی دڵ) و (هەژانی کێوەکانی خەم) دوو وێنەی شیعریی کێشاوە و بەم جۆرە خوڵقاون :

**پشکۆی سۆزی کوورەی دڵم**
**کەوتۆتە بەر بای باوەشێن**
**کێوەکانی خەمم یەک یەک**
**ئەهەژێن و هەڵئەوەشێن**

لە جووتە نیوە دێری یەکەمدا وێنەیەکی خوڵقاندووە لە جۆری وەستاوە و بە هەستی بینین وەردەگیرێ و لە جووتە نیوە دێری دواییشدا وێنەیەکی جووڵاوی بە هونەری خواستن خوڵقاندووە، چونکە (کاری هەژان و هەڵوەشانی) تێدایە و ئەمانەش جووڵەن و وێنەکەش بە هەستی بینین وەردەگیرێ.
ئا بەم شێوەیە دوکتۆر وریا وێنەی ناسکی شیعریی لە رێگەی وەسف و لێکچواندن و هونەری (خوازە و خواستن )ەوە بە هەردوو جۆری وەستاو و جووڵاو و هەر جارەش بە هەستێک لە هەستەکانمان وەریاندەگرین.

<u>**سەرچاوە و پەراوێز**</u>

١ – د. کامل حەسەن عەزیز بەسیر – زانستی ئاوەڵواتا – بەغداد ١٩٨١ ل ١٠٧
٢ – سی. دی. لویس – الیّورە الشعریە – ترجمە د. احمد الجنابی و اخرین، بغداد ١٩٨٢ ێ ٩٠
٣ – هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٨
٤- کۆمەڵە شیعری (چاوی نەورۆزی) ی دکتۆر وریا عومەر ئەمین . دەسنووس

# چاوی نەورۆزی

**چاوەکانت دوو ئاسمانی بێ پایانن**
**دوو مانگی ڕوو لە گزنگی بەربەیانن**
**دوو ڕوباری بەر سوورایی خۆرنشینن**
**دوو ئەستێرەی پرشنگداری گەش و شینن**
**دوو شەنگەبیی قەد باریکی شۆخ و شەنگن**
**دوو پەپوولەی باڵ نەخشینی ڕەنگاوڕەنگن**
**جووتێ پەلە هەوری توندی بە بارانن**
**بەزم و یاریی پۆلە مەلی بەهارانن**

**دوو جۆگەلەی بەر تریفەی مانگە شەون**

**دوو قوڵینگن ... لە ئاسۆدا سەر ئەکەون**

**دوو مانگی ناو.. گۆمی مەنگی دارستانن**

**دوو لووتکە چیای سەختی بەفرینی کوێستانن**

**چاوەکانت بلێسەی گڕی نەورۆزن**

**هەوری نازن... شنەی ڕازن... کانیی سۆزن**

**چاوەکانت هەزار ئەفسانە و داستانن**

**پەنۆڕامەی هەموو مێژووی کوردستانن**

گۆڤاری نووسەری نوێ ژمارە (٢٢) هاوینی (٢٠٠٤) ل ٣٢ ـ ٤١

# خوێندنەوەی ژیانی خوێندکاران و (فرمێسکی ماڵئاوایی) ی

# دکتۆر وریا عمر امین

**ئەحمەد زەردەشت**

**گۆڤاری گەرمیان ژ(١٠) ساڵی ٢٠٠٦ ل ٦١- ٦٣**

ژیان بەردەوامە و چەرخی ڕۆژگار لە دەوراندایە. دوێنێ ڕابووردووە و سبەینێ ئەمڕۆمان بە ڕێ دەکات . سبەینێی ئەمڕۆمان داهاتووە و داهاتوو دەچێتە خانەی رابردوەوە..!! هاوکێشەییێکی بێ سەر و بنی ڕەوتی بێ وەستانی ژیانە.. هەر قۆناغێکیش یادگار و بیرەوەریی تایبەتیی خۆی تۆمار دەکات و زەنگی کڵێسەکان دەزرینگێننەوە و شەپۆلەکانی نوغرۆی ناخی دەروون دەبن و هەڵدەقووڵێنەوە.

دوا ساڵی خوێندن لە ئاسۆی خوێندکاراندا تیشکی ئافتاوی زەرد وسووری خۆر و ترپە و ئاوازی لێدانی دڵ و هەست و نەستی تایبەتییە و هەنگاوێکە بەرەو ڕۆژانی داهاتوو... (فرمێسکی ماڵئاوایی) یش هۆنراوەییێکی شاکاری قوتابیی ئەو سەردەمە و پرۆفیسۆر و دکتۆری ئیستای ئازیزمان (وریا عمر امین) ـە .

خوێندکار (وریا) لە تافی لاوێتی و ڕۆژانی خوێندن و کۆشش دان، بەرەو ئەو دوا ڕۆژ و پلەی لەوەو دوای کە بەلای هەموومانەوە ئاشکرایە.. ئا لەو قۆناغەدا وەک هەموو لاوێکی خوێندکاری تری زانکۆ ئەڵبەتە هەست و نەست و خواست و ئارەزوو و هیوا و ئاواتی تایبەتیی سەرێنی خۆی هەبووە.

(کچی خنجیلانەی) ئاوات و خەیاڵی خۆی لە بیر و دڵ و هەناویدا ڕازاندۆتەوە و خەونی پێوە دیوە.. دیواری قەڵای بەهەشتی دڵداریی هەڵچنیوە و گەیشتۆتە حەوت تەبەقەی ئاسمانی ئەندێشە و خەیاڵ و لە ئەویندا چینەی وەفاداری کردووە و ماوەی چوار ساڵ ئەو کیژە ناسکەی خەیاڵی (پەرستگای دڵی غەمگین و مات) و خەون و خەیاڵی بووە و هەستی خرۆشاندووە، چوار ساڵ بە بێ هاتنی وەرزی بەهار ئەو بەهاری ڕازاوە و گوڵزاری هەمیشەیی و (شنە و باران و فێنکی) تاوسان و گڕ و گڵپەی بەتینی (بیابانی دڵی وریا) بووە.. لە تەک ئەوەشدا ئەڵبەتە (وریا) ئەوەشی لە یاد نەکردووە کە ئان و ساتی دەست لە یەک بەرداربوون لە ئاسۆدا دیارە، هەر بۆیە (زەردەخەنەی سەر لێوی) هەمیشە (فرمێسکی قەتیس ماوەکانی نێو گلێنەی چاوو ناخی دەروونی) بووە و زەردەخەنەی سەر لێوی بە گریانی بووە..

هەروەک زۆربەی لاوانی ئەو سەردەمەش توانا و جورئەتی ئەوەی نەبووە وشە زیندانییەکانی نێودڵ و بیر و هۆشی وەک بولبولی لە قەفەس بەندکراو ئازادکات و راز و نیازی دڵی خۆی بۆ (کچە خنجیلانەکەی خەیاڵی) بدرکێنێ ...
ئەڵبەتە (وریا) و هاوەڵەکانی دوا ئاهەنگی دەرچوون و دواماڵئاوایی لە چوار ساڵی کولێژ بە دوا ماڵئاوایی لە چاوی نازدارەکانیان دادەنێن و ئاهەنگی شیوەنی دووری دەگێڕن نازانن بە چی سەبوورییان بێ و .. و چۆن تیماری دەردی دووری بکەن..
لەم شیعرە ناسک و پڕ هەست و نەستە راستەقینەیەی مامۆستا (وریا) ڕۆمانسییەت و ڕیالیزم دەست لە ملانی یەکتر دەبن و بە وشە ناسک و سادە و ساکارە کوردییە بە پاراو و ڕەسەنەکانی، بە بێ ئارایشت و جوانکاریی دەستکرد، شاکارێکی ئەدەبی تۆمار دەکات و ئەڵبەتە (وریا) بەم چامەیە تەنها تەعبیر لە زاتی زاتییەتی خودی خۆی ناکات , بەڵکوو بگرە هەستی تەواوی هاوتەمەنی ئەو سەردەمەی خۆی و تەواوی گەنجان و هەمیشە دڵتەڕان دەکات. تەعبیر لە قۆناغێکی تەواوی ژیانی مرۆڤ دەکات...
ئەوەتا لە ئاهەنگی دەرچوونی بەشی کوردیی ساڵی ١٩٧١ دا وریای خوێندکار ئەم شاکارە ئەدەبییەی خوێندۆتەوە و پێشکەشی کردووە بە هاوڕێ و هاوپۆلەکانی . وەک خۆی بڵاوی دەکەیەوە.

## فرمێسکی ماڵئاوایی

**ئەی فرمێسکی قەتیس ماو لە گلێنەی چاو**
**ئەی ئەو ئاخەی کە دەروونم ئەکەیت بەئاو**
**ئەی ئەو دڵەی کە جێ نشێنی خەفەتی**
**ئەی ئەو بوونەی ئیمرۆ لە تاوا لەت لەتی**
**ئەی ئەو لەشەی یەک تۆز هێزت تیا نەماوە**
**ئەی ئەو هەستەی برینداری لە سەد لاوە**
**ئەی ئەو خوێنەی وەک ژیلەمۆی ئاگر گەرمی**
**ئەی ئەو ئاواتە پڕژینەی ... ئێستا تەرمی**
**دوا ماڵ ئاواییتان بکەن لەم چوار ساڵە**
**ئاهەنگێکی خۆش بگێڕن هەر چەند تاڵە**
**ئەو چوار ساڵەی پڕ خۆشی بوو پڕ شیرینی**
**کە بەسەر چوو .. بە ئاوات و خەو بینینی**

ئەو چوار ساڵەی هەموو دەمێکی سەیران بوو
دڵمان شاد بوو دەممان بە بەستە و حەیران بوو
ئەو چوار ساڵەی بە ناو گوڵانا گەشتێ بوو
لە بۆنی خۆش و جوانییا بەهەشتێ بوو
ئەو چوار ساڵەی هەر ئێسک سووکی و هەر ناز بوو
هەر چرپە بوو ... هەر دەنگی خۆش و ئاواز بوو
ئەی ئەو کچە خنجیلانەی ئاواتم بووی
تۆ پەرستگای دڵی غەمگین و ماتم بووی
تاڵە تیشکی شەوی ژینی پڕ زارم بووی
خۆری ئاسۆی گوڵزاری بێ بەهارم بووی
شنەو باران و فێنکی ی بیابانم بووی
زەردەخەنەی سەر لێوی بە گریانم بووی
ئێش لابەری دەرد و زامی کەساسیم بووی
هێز و تین و خۆراکی گیانی برسیم بووی
سەردەمێێکە .. ئەمەوێ و جورئەت ناهێنم
لەبەر دەمتا بوەستم بۆت بدرکێنم
تێت گەیێنم لە چ دۆزەخێکا ژیاوم
بزەی چاوت چ گرێکی تێ بەرداوم
ئەوا ئەڕۆی ئیتر بە چی سێبووریم بێ
لە دوای تۆ چی .. دەرمانی دەردی دووریم بێ

# وریا عومەر ئەمین و شیعر

د. کەمال مەعروف

گۆڤاری (کەکۆن) ژمارە (١٢) ی شوباتی ٢٠١١ ی ل ٣٩

د. وریا بەهرەی شیعریی هەیە بەڵام ئایا بە تەنیا بەهرە مرۆڤ دەکا بە شاعیرێکی سەرکەوتوو ؟.شاعیر دەبێ لەتەک بەهرەکەیدا خۆی زۆر ماندوو بکات . ماوتسی تۆنگ دەڵێ، بەهرە لە ١٠% و لە ٩٠% دەبێ شاعیر شەونخوونی و خۆی پەروەردە بکات بە خوێندنەوەی زۆر و شارەزایی پەیداکردن لە بوارەکانی شیعیردا تاوەکوو هەنگاو بە هەنگاو پرۆسەی شیعری بەرەو پێش بچێت. کەواتە قاڵبوون و ئەزموونی شیعری شاعیر دەکات بە شاعیرێکی بەهرەدار و گەشاوە. چونکە پرۆسەی شیعری دوو لایەنە ئەگەر شاعیر پەیڕەوی هەردوو لایەن نەکات ئەنجام ناپێکی بێمایە دەگەڕێتەوە. دەبێ شاعیر هەردوو لایەنی شیعری پشتگوێ نەخات، چونکە تەواوکەری یەکترن. بە تەنیا لایەنێک پرۆسەی شیعری چێ نابێ. ئەگەر دروستیش ببێ ئەوە ناکامڵ دەبێ، لە کاروانی شیعری دوورەپەرێز و لاتەریک دەبێ چونکە وزەی بەردەوامبوونی هەڵنەگرتووە. شاعیر ئەگەر داهێنەر نەبێت ناتوانێ پرۆژەی بە شاعیر بوونی خۆی بسەلمێنێ. لایەنی هونەر لە شیعردا ڕۆلی یەکجار گرنگ

دەگێڕێ. دیارە ئەوەی کە پرۆسەی بە شاعیر بوونی چێ دەکات پێش هەموو شتێک هونەرەکەیەتی جا بەبێ بوونی ئەم لایەنە پرۆسەی هونەری شیعری چەق بەستوو دەمینێتەوە و ناتوانێ لەگەڵ ڕەوتی تازەی ئەدەبی بەرەو پێش بچێ و بگەشێتەوە .

هەر وەکوو ئاشکرا و ڕوونە د. وریا لە بواری زماندا پێگەیەکی باڵای هەیە، کە بۆتە مایەی خۆشحاڵی و جێگای ڕەزامەندیی هەموو لایەک لە مەیدانی زمانەوانیدا. توانیویەتی وزە و لێهاتوویی خۆی بدۆزێتەوە و داهێنان و تازەکردنەوەی تێدا ئەنجام بدات و لە ڕووی شیعرەوە هەست و سۆزی شاعیریی تێدا بەدی دەکرێ وێنەی جوانی نەخشاندووە، بەڵام لەگەڵ گیانی سەردەمدا گونجاو نییە. شیعرەکان لە ڕووی شێوازەوە بۆ ساڵانی شەستەکان دەگەڕێنەوە.زمانێکی ساکار وکێشی خۆماڵی و جووتسەروایی بە خۆوە گرتووە. بە کورتی کاریگەریی (گۆران) ی شاعیری بەسەرەوەیە و ڕێچکەی گۆرانی شاعیری بەرنەداوە. جالێرەدا نموونەیێک لە شیعرەکانی دەخەینە ڕوو. لە هۆنراوەی(بەیانیی نەورۆز) دا تابلۆیەکی ڕەنگینی بەهاری کێشاوە و دەڵێ:

**لە گەڵ بەیانا ... کاتی ڕۆژ هەڵدێ**
**گزنگی ئەڕژێ..بە سەر گوند و دێ**
**ئاسۆ ڕەنگاوڕەنگ ئەگەشێتەوە**
**لە کەژ و کێوان ... ئەوەشێتەوە**
**گوڵاوی شەونم  لە سەر پەڕی گوڵ**
**ئەبن بە لالە و ئەتکێنە سەر گڵ**
**باڵدار هەڵئەفڕێ لق ئەوەشێنێ**
**خاکی زێڕین بە خوناو ئەڕشێنێ**
**شنەی با.. جووکەی مەلان .. خوڕەی ئاو**
**ئاوازی شادی ئەبەخشن تاو تاو**
**لە هەموو لاییێک جوانی ئەبارێ**
**کار لە دڵ ئەکات بەڵام چ کارێ**
**دەروونی شێلوو ڕوون ئەکاتەوە**
**ئێش و ئازاری شەو ئەباتەوە**
**١٩٦٧**

چەند شیعرێکی بۆ منداڵان نووسیووە، لە هۆنراوەی (مانگ و ئەستێرە) دا دەڵێ:

**ئەی مانگ و ئەی ئەستێرە**
**توخوا زوو وەرنە ئێرە**
**با پێکەوە یاری کەین**
**خۆشەویستی دیاری کەین**
**تاریکی بترسێنین**
**خەوتوو لە خەو هەڵسێنین**
**کوردستان ئاوەدان کەین**
**دوژمنمان سەرگەردان کەین**

**تێبینی:**

ئەم دوو پارچە شیعرەم لە نامیلکەییێک بە ناوی (سەیرانێکی شیعرستان) کە لە ساڵی ٢٠٠٧ دەزگای ئاراس بە چاپی گەیاندووە.

د. وریا عومەر ئەمین لە ساڵی ١٩٤٧ لە گەڕەکی (بەفری قەندی) لە شاری کۆیە لە دایک بووە.لە بواری زمانەوانیدا ئەم بەرهەمانەی بە چاپ گەیاندووە:

١ – ڕێزمانی ڕاناوی لکاو ١٩٨٦ بەغداد.

٢ – چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی ٢٠٠٤ هەولێر.

**گۆڤاری (کەکۆن) ژمارە (١٢) ی شوباتی ٢٠١١ ی ل ٣٩**

# (گۆران) ـە زیندووەکەی شیعری کوردی

## وریا عومەر ئەمین

**د.ئیدریس عبدالله**
**(فێسبوک: 16 Feb 2021)**

لە خزمەت مامۆستای خۆشەویستمان (گۆران) ە زیندووەکەی شیعری کوردی، پرۆفیسۆر دکتۆر وریا عومەر ئەمین


ئەمڕۆ وەکو چەندین جاری دیکە، برای گەورەو مامۆستای خۆشەویستمان، (گۆران)ە زیندووەکەی شیعری کوردی، مامۆستای زۆربەی مامۆستایانی بەشەکانی عەرەبی و ئینگلیزی و کوردی.. جەنابی پرۆفیسۆر دکتۆر وریا عومەر ئەمین، سەردانی بەشەکەمانی کردو بە قسە خۆشەکانی بە شیعرە جوانەکانی، چەند ساتێکی خۆش گەرمیکردینەوە، دڵی خۆشکردین و بۆ ڕۆژانی خۆشی و شادی بردینەوە.

هیوای تەمەندرێژی و سحەتی خۆش بۆ جەنابی دکتۆر وریا دەخوازین هیوادارین هەمیشە سەردانەکانی بۆ بەشەکەمان،بەشی زمانی کوردی کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەددین نەبڕێ.. ئەوەی خوارەوەش پارچەیەکە لەو شیعرە خۆشەی، ئەمڕۆ بۆی خوێندینەوە.. با پێشکەشی ئێوەی ئازیزیش بێ:

بێ تامی کرد... بوو بە چی هەر نەبڕایەوە !؟
ئەم دڵەی من ئاسنیش با ... ئەتوایەوە
لەتاو تۆیە هەرگیزاوگیز داناکەسێ
دابین نابێ..بە هیچ شتێ بە هیچ کەسێ
ئاگادارنیت سەردەمێکە بۆت وەک شێتم
لە هەرکوێ بم... لێت ئەگەڕێم چاوەڕێتم
خەم و تاڵیت لوتکەی خۆشی و شیرینیمە
هەنسکی هەناسەساردیم ...گۆرانیمە
گڕی سۆزت دڵی تاری ڕووناک کردووم
هۆشی چنراو بە مەراقی بێ باک کردووم
ئاواتێکی و ئەترسم ڕۆژێ بتگەمێ
لە ئاسمانی سامالّتا ببمە تەمێ

# نزهة في جنان الشعر

## وريا عمر امين


د. وريا عمر امين
نزهة في
جنان الشعر
وزارة الثقافة والسياحة والآثار
دار الثقافة والنشر الكوردية
التسلسل (٥٨٦)
السعر: ٢٧٥٠ دينار
تصميم: منى محمد غلام
بغداد ٢٠٢١